شێخ مەحمودی حەفید

(1922 – 1925)

نووسینی :

ئومێد حەمەئەمین

1429 کۆچی

2008 زایینی

ناوی کتێب: شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925)
نووسینی: ئومێد حەمەئەمین
ژمارەی سپاردن: (1146) ساڵی (2007)
شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا
نۆرەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: 2008
نەخشەسازی: ئیدریس سیوەیلی
له بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشک)، زنجیرە (32)
ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com
ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشک

بسم الله الرحمن الرحيم

(لَقَد كَانَ في قَصصهم عبرةٌ لأُولي الآلْبابِ ما كَانَ حديثاً يفْترى)

(يوسف : 111)

سەرنجێکی پێویست

ئەم بەرهەمە، لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوەی دەرچوونەو وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی بەکالۆریۆس لە مێژوودا، بە سەرپەرشتی د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، ساڵی (1998) پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە.

پێشکەشە بە:

. هەموو خاوەن هەڵوێستێک، دڵسۆز بە ئایین و نەتەوەکەی.

. دایک وباوکم کە کەمتەرخەم نەبوون لە پێگەیاندنم.

. ئەو مێژوونووسانەی کە لە شەوەزەنگی تاریکیدا بە دوای رووناکیدا دەگەڕێن.

. ئەو خەمخۆرانەی بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن بۆ خزمەتکردن بەنەتەوەکەیان.

. ئەوانەی گوێ لەوتە دەگرن و شوێن باشترینیان دەکەون.

بەناوی خوای گەورەو دلۆڤان

پێشەکیی

سەبارەت بە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و یەکەم حکومەتی کوردستان، تا ئێستا زۆر نووسین و لێکۆڵینەوەی جیاواز بڵاوکراونەتەوە، هەر لە یاداشتنامەی کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمانە، تا لێکۆڵینەوەی زانستی و نامەی ئەکادیمی کە تیایدا بە تێروتەسەلی و گشتگیرانە لێیان کۆڵیوەتەوە، هەشیانە تەنها بوارێك یان زەمەنێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە، دیارە ئەم بایەخدانەش نیشانەی مەزنی و هەستیاریی ئەو قۆناغە مێژووییەیە کە گەلی کوردستان بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود ڕۆڵیان تێدا بینی و لاپەڕەیەکی گەشیان لەو ماوەیەدا تۆمارکرد.

هەر ئەم خاڵەش هاندەری سەرەکی ئێمە بوو، بۆ لەچاپدانی ئەم توێژینەوەیە، کە زەمەنێکی دیاریکراو دەگرێتەوە و نووسەر زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ڕووداوەکانی ساڵی (1922 – 1925) لە سەردەمی شێخ مەحمودا، نووسەری جوانەمەرگ پێنج ساڵ زیاترەماڵئاوایی لێکردووین، نەدەبوو لەوەزیاتر لێکۆڵینەوەکەی بێناز بمێنێت، خۆ ئەگەر لە ژیاندا بوایە بێگومان ئێمەش و خۆیشی قسەمان لەسەر لێکۆڵینەوەکە دەبوو، دەتوانرا تێروتەسەل بکرابایەو کەلێنەکانی پڕبکرێتەوە.

بەو تێبینیانەشەوە هێشتا ئەم توێژینەوەیە سەنگینی خۆی هەیەو بایەخدارە، بەشێکە لە ئامانجەکانی (پرۆژەی تیشك) کە دەرخستنی ڕاستی مێژوویی‌و بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستی‌و ئامانجدارن، دەخوازین بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە جگە لە سوودبەخشین بە خوێنەری بەڕێز، بێتە لاپەڕەیەکی سپی لەناو دەفتەری کردارە جوانەکانی مامۆستا ئومێددا، کە تا شەهیدبوونی چاکەو چاکەخوازی مەزنترین ئاواتی بوو.

لە کۆتایشدا دەبێت سوپاسی بنەماڵەی کاکە ئومێد بکەین بۆ هاوکاریی بێبەرامبەرمان لە دەستخستنی ئەم بەرهەمەدا.

پرۆژەی تیشك

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
لیستی هێما کورتکراوەکان	9
پێشەکی	11
دەروازە: سەرهەڵدانی بنەماڵەی شێخان‌و ژیانامەی شێخ	15
بەشی یەکەم: جوڵانەوە سیاسییەکانی شێخ‌و بارودۆخی سلێمانی پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود	23
- جوڵانەوە سیاسیەکانی شێخ تا ساڵی 1922........................	25
- بارودۆخی سیاسیی سلێمانی پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود ...	29
- هۆکاری گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیاو عێراق بەرامبەر بەشێخ	33
بەشی دووەم: گەڕانەوەی شێخ‌و دامەزراندنی حکومەتی سلێمانی	39
- گەڕانەوەی شێخ‌و پێشوازیکردنی لە سلێمانی	41
- درووستکردنی حکومەت‌و ڕاگەیاندنی مەلیکایەتی‌و بەیانی هاوبەشی هەردوو حکومەت	45
ئەو دەستەو کۆمەڵانەی لە دەوری شێخ کۆبوونەوە	50
1ـ شێخەکانی بەرزنجەو نزیکەکانیان	50

2– ڕۆشنبیرو نیشتمانپەروەرەکان 51

3– تورکپەرست یان پیاوەکانی تورک 52

4– ئینگلیزپەرستەکان یان پیاوەکانی ئینگلیز 55

بەشی سێیەم: پەیوەندییە دەرەکییەکانی شێخ 57

1– دەوڵەتی تورک (ئۆزدەمیر) 59

2– هێزە کوردییەکان (سمکۆی شکاك) 63

3– هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراق 68

4– نامەو پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی شێخ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە 72

بەشی چوارەم: کۆتایی حکومەتی شێخو هۆکاری شکست 75

ـ تێکچونی پەیوەندی شێخو هەردوو حکومەت 77

ـ روخانی حکومەتو داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزو عێراقەوە .. 80

هۆکاری شکست 89

دەرەنجام 94

لیستی سەرچاوەکان 97

لیستی هێما کورتکراوەکان

1ـ کورتکراوە کوردیەکان

ل: لاپـەڕە

و: وەرگێڕان

چ: چاپ

ژ: ژمارە

ب: بەش

بگ: بەرگ

س: ساڵ

(ب.ش): بەبێ شوێنی چاپ

(ب.س): بەبێ ساڵی چاپ

گ: گۆڤار

2ـ کورتکراوە عەرەبیەکان:

ج: الجزء

ع: العدد

س: السنة

ت: الترجمة

ط: الطبعة

ص: الصفحة

(لا.س): بدون سنة الطبع

(لا.م): بدون مكان المطبع

پرۆژەی تیشک

پێشەکیی

لەساڵی 1914 جەنگی یەکەمی جیهانی دەستیپێکرد, ژمارەیەکی بێشومار خەڵکی بێ گوناه بوونە سوتەمەنی ئەو جەنگە, لە کاتی جەنگو لە پاش تەواوبوونی, بیروباوەڕی رزگاریخوازی بڵاوبوویەوە بەناو هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی, شۆڕشی رزگاریو سەربەخۆی لە حیجازو سوریاو میسر دەستی پێکرد, لەوێشەوە گویزرایەوە بۆ وڵاتانی دی, لەسەر هەمان باوەڕ کلّپەی سەند, بەئامانجی رزگاربوون لە داگیرکەرانی تورکو پاشانیش دژی دەوڵە تە رۆژئاواییەکان.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش لەو سەردەمانەدا بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود بیریان لە سەربەخۆی کردەوە, ئەمەش لە مێژووی سیاسی کورددا شوێنێکی تایبەتی هەیە, چونکە ئەو سەردەمە سەردەمێکی گرنگ بووە لە دیاری کردنی چارەنوسی گەلی کورددا.

ماوەی نێوان ساڵانی 1922–1925 کە لێکۆڵینەوەکە گرتوویەتییە خۆی, پێویستە بەسەرچاوەو بناغەی توێژینەوەو تێڕوانین لە هەموو شۆڕشو بزووتنەوەیەکی کوردیو تەخمینکردنو دیاریکردنی چارەنووسی کورد لەکوردستانی عێراقدا دابنرێت.

ئەو ماوەیە ئامانجو ئاواتێکی تیادا بەرهەمهێنرا, بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تائێستا کە سەدەی بیستەمە ناتوانێت بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ بکات. ئەویش دامەزراندنی حکومەتو ئەنجومەنی وەزیرانە, لەوەش زیاتر بانگەوازی مەلیکایەتیو کۆبونەوەی کوردەکانە لەدەوری شێخ مەحمود.

ئەو حکومەتو ئەنجومەنەی کە شێخ پێکیهێنا, بێ زیادەڕۆیی، ئەگەر لە حکومەتی عێراقی ئەوکاتە پێشکەوتووتر نەبووبێت کەمتر نەبووەە, چونکە شێخ لەناو گەلەکەیدا بووەو ئیشۆ ئازاری گەلەکەی بەچاوی خۆی بینیوەو تەنها ساتێکیش داردەستی هیچ دەوڵەتێکی نەکردوە. وەك ئەحمەد تەقی دەڵێ: دوژمنایەتی وڵسن مندوبی سامی لەگەڵ شێخداو رازی نەبوونی بەگۆڕانی دادگاکردنی شێخ لەسێدارەوە بۆ دوورخستنەوە لەوڵات راستی ئەو وتەیەمان بۆ دەردەخاتو وەڵامێکی روونیشە بۆ ئەوانەی شێخ پیاوی ئینگلیز بووە. ئەنجومەنی وەزیرانیش بەڕادەیەك شایستەی ئەو پلەیە بوونو توانیویانە ئەوەی لەسەر شانیانە ئەنجامی بدەن.

بەڵام ئەوەندە هەیە سیاسەتی هاوپەیمانان بە گشتیو بەریتانیا بەتایبەتی لەگەڵ دروست بوونی ئەو دەوڵەتەدا نەبوو, چونکە دەمیزانی شێخ زۆر لەوە گەورەترە سنووری بۆ دابنێنو بە داردەستی خۆیانی بزانن.

لەژێررۆشنایی ئەو وتەیەی کە دەڵێن: "ئەو رووداوە دۆزە ئاڵۆزو گرفتە سیاسیانەی کاتی ئێستا، لە راستیدا بەرهەمێکی سروشتی ئەو رووداوانەیە کەلە رابووردوودا روویداوەو چۆن پێشبینیو تەخمینی داهاتوو دەکەین لەسەرئەوەی ئێستا دەی خوێنین, دەتوانین رونی بکەینەوەو شارەزابین بەو واقعە تازەی ئێستا لەسەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەمان لە رابووردووی گەلەکەمان". هەستام بە دیاریکردنی ئەم ماوەیەی مێژووی سیاسی گەلەکەمان کە لێکۆڵینەوەکە تایبەتە پێیەوە.

بەردی بناغەی ئەم کارەی بەردەستت لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی مێژوویە لە چوار بەش پێکهاتووە, هەر بەشەی کۆمەڵێك رووداوو ئەزمونی سیاسی گرتوەتەخۆ بە پێی گەشەکردنی هەڵوێستی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەو ماوەیەدا لەبەشەکانی باسی لێوە کراوە.

لە دەروازەدا لەبەر گرنگی شێخانی بەرزنجەو سەرهەڵدانی لە واقعی کوردستانداو کاریگەرییان لە گۆڕانکاری یە سیاسیەکانی ناوچە, لە هۆیەکانی سەرهەڵدانیان دواومو کورتەیەك لە ژیانی شێخم باسکردووە.

بەشی یەکەم: پێکهاتووە لە جوڵانەوە سیاسیەکانی شێخو بارودۆخی سیاسی لە سلێمانی پاش دورخستنەوەی شێخ, تیایدا ئەو هۆیانەش باسکراوە کە بوون بەهۆی گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیاو عێراق بەرامبەر بە کوردستانو گۆڕانی هەڵوێستیان بەرانبەر بەشێخ کە بیگەڕێننەوە بۆ سلێمانی.

بەشی دووەم: گەڕانەوەی شێخ لەهیندستانو دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی لەسلێمانی لەخۆگرتووە, کە تیایدا ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنراو شێخ مەحمود لەپاش ئەوەی مەلیکایەتی خۆی راگەیاند, بەیانی هاوبەش لەلایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیو عێراقیەوە سەبارەت بەو هەڵوێستەی شێخ راگەیەنرا. بەشەکە ئەو دەستەو کۆمەڵانەشی گرتووەتەوە کە پاش گەڕانەوەی شێخ لە دەوری کۆبوونەوەو کاریان لە ڕێڕەوی سیاسەتی کرد.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە پەیوەندییە دەرەکیەکانی شێخ, کە دەوڵەتی تورکیا بەهۆی ئۆزدەمیرەوە لە پێشەنگیانە, هێزە کوردیەکان بەتایبەتی هەورامیەکان لە مەریوانو سمکۆی شکاك دەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە پەیوەندی حکومەتی کوردستان بە هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراق پاش گەڕانەوەی شێخو هەوڵدان بۆ راکێشانی سۆزی دەوڵەتان بەلای دۆزی گەلی کورددا لەڕێگەی نوێنەری ئەو وڵاتانەوە لە تاران.

بەشی چوارەم: کۆتایی حکومەتی شێخو هۆو ئەنجامەکانی لەخۆگرتووە, هەوڵدراوە تێکچوونی پەیوەندی شێخو هەردوو دەوڵەت روونبکەینەوە لەگەڵ هۆیەکانی ئەو تێکچوونە, کە بوو بەهۆی رووخاندنی حکومەتەکەی شێخو داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن هەردوو دەوڵەتی بەریتانیو عێراقیەوە. هاوکات لەچواچێوەی بەشی چوارەمدا بەپێی توانا لەگرنگترین ئەو فاکتەرانە دوواوین، کە بوو بەهۆی شکستی ئەو ئەزموونە سیاسیە کەم وێنەیەی گەلی کورد.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەش پێك هاتووە لەو دەسکەوتوو تاقیکرنەوە سیاسیانەی کەلەشۆڕشەکە وەرگیراوەو دەتوانرێت وەك پەند سوودی لێوەربگیرێت لە ڕێڕەوی سیاسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا.

لە راستیدا بڕوامان وایە کە لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتێکی وەها گرنگ لە مێژووی سیاسی گەلەکەمان, پێویستی زیاتری بەخۆ ماندوکردنو گەڕانی زیاتر هەیە, ئێمەش ئەوەمان لەبەرچاو گرتووەو بەپێی توانا هەوڵمانداوە.

لەکۆتایدا هیوادارم بەم لێکۆڵینەوەیە توانیبێتم بەشێکی کەمم لەمێژووی سیاسی گەلە ستەمدیدەکەم دەرخستبێت, بەهیوای ئەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر بایەخی پێبدرێت لەلایەن فێرخوازانی بەشی میژووەوە. سەرکەوتنو تەواوبوون نییە لەلای خوانەبێت.

ئومێد حەمەئەمین

1998/5/5

دەروازە

سەرهەڵدانی بنەماڵەی شێخان و ژیاننامەی شێخ مەحمود

یەکەم: سەرهەڵدانی بنەماڵەی شێخان

بنەماڵەی شێخ مەحمود لەبنچینەدا دەگەڕێنەوە سەر بابەعەلی هەمەدانی، کە خوشکی بابەتاهیری هەمەدانی هێناوە، کە عوریان نازناویەتی، ناوبراو بە فەیلەسوفێکی گەورە دادەنرا [1]، لە نەوە بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە کە لە سەدەی نۆزدەدا ناوبانگیان دەرکردووە، شێخ مارفی نۆدێو کاك ئەحمەدی شێخی کوڕیەتی، شێخ مارف بەوە ناسراوە کەزانایەکی گەورە خاوەن رەوشتێکی جوان بووە، لە کوردستانو بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی بە چاوی رێزەوە سەیری هەموو نەوەکانی شێخ مارف کراوە [2]. بابانەکان لەخۆیان نزیك کردوونەتەوەو لە پاش گواستنەوەی پایتەختیشیان بۆ سلێمانی، لەبەر خۆشەویستی شێخ مارف مزگەوتی گەورەی سلێمانیان دروست کردووە، لەپاش شێخ مارف کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی هاتە گۆڕەپانەوەو ناوبانگی دەرکرد، ناوبراو پایەو رێزێکی گەورەی هەبووەو وەك پیاو خوای لەناو کوردەکاندا سەیر دەکرا [3].

نەوەکانی لەبنەماڵەی بەرزنجە، پشتیان بەگەورەیو بڵندی پایەی ئەو بەستووە لەنێو کوردەکاندا، ئەوەش بەس بووە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی گشتی [4].

دەربارەی بەرزبوونەوەی ئەم بنەماڵەیە، دەتوانین دەست نیشانی چەند فاکتەرێك بکەین لەوانەش:

یەکەم: هۆکاری ئایینی

زۆربەی سەرکردە بەرزنجیەکان ناوبانگی ئایینیان هەبووەو سەرۆکی تەریقەتی قادری بوون [5]، بۆیە دەبینین ئایین زۆر کاریگەری هەبووە لەسەرکردایەتی کردنی ئەم بنەماڵەیە لەناوچەی سلێمانیداو، سەرکردە بەرزنجیەکان پلەی بەرزیان لەنێو کوردەکاندا وەگرتووە، بەدرێژایی کوردستان تەکیەو خانەقایان دروست کردووەورێبازی سۆفیگەری خۆیان تیادا بڵاوکردووەتەوە [6].

دووەم: رۆشنبیریو زانیاری

زۆربەی پیاوانی خێزانە بەرزنجییەکان ئارەزویان لە رۆشنبیری هەبووەو رۆشتونەتە ناو (اصول فقه)و ئەدەبو زمانەوانی، بەنموونە شێخ مارفی باپیرە گەورەیان زیاتر لە(45) دانراوو پارچە پەخشانی هەیە [7]، بابانەکان وەك زانایەکی گەورە تەماشایان کردووە [8].

سێیەم: رامیاری

دیارە کاری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی چالاکی بێت یان فیکری، لەواتاکەیدا بیرێکی کۆمەڵایەتیە، تەکیەو رێبازی سۆفیگەریش شێوازی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت، کە لە پاش قوتابخانە ئاینیەکان کاری کردووەتە سەر خەڵك، بە تێپەڕبوونی کات ئەم تەکیانە شێوازی سیاسیان بەخۆوە بینی، فکرەو بیری خۆیان لەناو خەڵکیدا بڵاوکردووەتەوە، بەو

---

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید، ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، چ1، (ب.ش)، 1995، ل14.

[2] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: لاپەڕەیەك لە شۆڕشەکانی کوردو شێخ مەحمودو سمکۆو هەستانەکە رەواندز، رێکخستنو ئامادەکردنی بۆ چاپ جەلال تەقی، بەغداد، 1970، ل16.

[3] عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج1–2، ط4 للموسوعة، بيروت، 1974، ص186–187.

[4] مس بيل: فصول من التأريخ العراق الغريب، (ت: جعفر خياط)، ط2، (ب.م)، 1971، ص185–186.

[5] رەفیق حیلمی: یادداشت، کوردستانی عێراقو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بگ1، بەغداد، 1988، ل33–34.

6 طالب عبدالجبار حيدر: المسألة الكردية في الوثائق العراقية، المشكلة ـ الحل ـ النتيجة، رسالة ماجستير، كلية قانون والسياسة، جامعة بغداد، تموز 1982، ص22–23.

[7] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 15. طالب عبدالجبار: هەمان سەرچاوە، ص23.

[8] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 14.

شێوەیەی کە لەگەڵ بانگەوازو فیکرەکە بگونجێت, لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندی شێخو تەریقەتەکەش[1]، بۆیە پێویست بووە وتار بدرێتو هەستیان ببزوێنرێت بۆ ئامانجی سیاسی دیاریکراو, وەك بانگەوازەکەی کاك ئەحمەدی شێخ بۆ جیهادکردن دژی رووسەکان, لەجەنگی رووسی ـ عوسمانیدا, لەساڵی (1877ـ 1878), کە بەهۆی موریدو شوێنکەوتەکانیەوە بووە, ئەو جۆرە بانگەوازانەش بانگەوازی سیاسی بوون بۆئەوەی خەڵکی تێبگەیەنرێت.

ئەم کارە یەکەم دەوری بنچینەیی بووە, کە یەکێك لە سەرکردە بەرزنجییەکان پێی هەستاوە بۆ کرنەوەی دەرگا لەسەر سەرکردە بەرزنجیەکانی تر کە برۆنە ناو کاری سیاسییەوە, ئەوانیش پەیرِویان کرد, بەم شێوەیە سەرکردە بەرزنجیەکان بوون بە سەرپەرشتی نەخشەکێشانی سیاسی لە ناوچەی دەسەڵاتیان[2] .

کەسوڵتانی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم), شێخ سەعیدی حەفیدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخی دەعوەت کرد بۆ ئەستەمبوڵ, شێخ مەحمودیشی لەگەڵدابوو[3] . پاش گەڕانەوەیان لەو سەفەرە، خەڵکی بینیان تەنانەت سوڵتانیش رێزیان لێدەنێت، لەوەبەدوا خەڵکی زیاتر لە جاران هۆگری شێخان بوونو رێزی زیاتریان لێدەگرتنو بە هەموو جۆرێك کەوتنە خزمەتکردنیان[4]، شومزەیەکی تایبەتی لە نێوان شێخ سەعیدو سوڵتاندا دانرا بۆ پەیوەندیکردن[5] .

لەم کاتەدا هەندێك لەناحەزانو کاربەدەستانی دەوڵەت بارودۆخەکەیان پێناخۆش بوو, چونکە دەسەلاتیان بەهۆی زۆربوونی نفوزی شێخانەوە دەکەوتە مەترسییەوە[6] .

ئەم تاقمە لەبیانوودابوونو لە پیلانێك دەگەڕان, خۆیان لە شێخ سەعید رزگاربکەن, ساڵی 1908 کە کۆمەڵەی (إتحاد ترقي) هاتنە سەرحوکمو سوڵتانیان لابرد, کۆمەڵە لقی لە سلێمانی کردەوە, ناحەزانی بنەماڵەی شێخان وردە وردە پیلانەکەیان سەری گرتو توانیان بە هاوکاری (زەکی پاشا)ی والی موسڵ لە ئاژاوە (فتنة)کەی شاری موسڵدا کۆتایی بەژیانی شێخ سەعید بهێنن[7] .

بەلام ئەم رووداوە ئەستێرەی بنەماڵەی شێخانی نەکوژاندەوە,هەر کە دەنگوباسی ئەم رووداوە کارەساتبارە گەشتەوە شاری سلێمانی, خەڵکی شار بە پیاوو ژنەوە بەرەو موسڵ رۆیشتن, کە لەوکاتەدا شێخ مەحمود بە بریندای خۆی شاردبووەوە, دواترلە ژێر فشاری عەشایەری کورددا کە هەرەشەی ئەوەین دەکرد گەر شێخ مەحمود ئازاد نەکرێت هێرش دەکەنە سەر موسڵ، رێگا بە شێخ مەحمود دەدرێت بگەرێتەوە بۆ سلێمانیو لە گەڕانەوەیدا خەڵکێکی زۆر دەچن بەپیرییەوە, ماتەمێکی گەورەی بۆ دەگێڕن.

کورتەیەك لە ژیاننامەی شێخ مەحمود

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی حەفید کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە[8]، بەمەزەندە لە ساڵی (1878)دا لەدایك بووە[9]، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر وریاو چالاکو نەترس بووە, وانەی قورئانی لەتەکیەی سلێمانی

[1] طالب عبدالجبار: هەمان سەرچاوە، ص23.
[2] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
[3] بۆ زیاتر شارەزابوون بگەڕێوە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 18. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 16.
[4] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 17. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل36.
[5] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 18. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ل36.
[6] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 17.
[7] دەربارەی ئەم رووداوە بگەڕێوە رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل39–40.
[8] بۆ زیاتر شارەزابوون بگەڕێوە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 14. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل33.
[9] لە ساڵی 1922 تەمەنی 44 ساڵ بووە، کریس کۆچیرا: هەمان سەرچاوە، ل17.

خوێندووه, ئارەزووی زۆری له خوێندنەوەو خۆدەرخستن کردووه, جگه له زمانی کوردی زمانەکانی تورکیو عەرەبیو فارسی باش نووسیوەو خوێندوەتەوه, توانای شیعرنووسینی هەبووه, له منداڵییەوه خۆی به سواریو یاری جەنگییەوه خەریك دەکرد, بەشداری لەو جەنگانەدا کردووه که له نێوان هۆزەکەیو هۆزەکانی تردا لەسەر موڵكو زەویو زار روویداوه [1] .

شێخ بەپێی ئەوەی لەخێزانێکی ئایینی بووه,خۆشی مرۆڤێکی ئایینی بووەو ئایین کاریگەرییەکی گەورەی لەسەری هەبووه, بەڵام زیاتر به کاری سیاسییەوه خەریك بووه, ئەوەش وەك میراتیەك لەبابو باپیرانیەوه بۆی بەجێمابوو [2] ، شێخ مەحمود وەك مرۆڤێکی کورد تەواوی ئاکارو رەوشتی سەرۆکێکی کورد لەودا بەدی دەکرا [3] .

شێخ مەحمود مرۆڤێکی لێهاتوو بووه, لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین گەیشتنی بەو پلەوپایه سیاسییه گرنگه لەنێو کوردو ناوچەکەدا, تەنها بەهۆی هەوڵەکانی خۆیەوه بووه, بەڵکو ئەو پلەو پایه وەك میراتێك بۆی بەجێمابوو ئەویش لەلای خۆیەوه پاراستوویەتیو گەشەی پێداوه، وەك چۆن باوباپیرانی کردوویانه, بۆیه شێخ مەحمود هەر له منداڵیەوه جێگایەکی گرنگی له دڵی هەمواندا داگیرکردبوو [4] .

له سەفەرەکەی شێ سەعیدی باوکیدا بەشداری کردووەو, دوور نییه هەر لەوکاتەوه له پاش بینینی ژیانی سوڵتان عەبدولحەمید بیری پاشایەتیو دەسەڵات کەوتبێتە مێشکیەوه [5] .

---

[1] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز1، ب1، ل35. عبدالجبار حیدر: هەمان سەرچاوه، ص18.

[2] عبدالجبار حیدر: هەمان سەرچاوه، ص20.

[3] کریس کۆچیرا: هەمان سەرچاوه، ل117.

[4] خەباتی گەلی کورد له یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 16. عبدالجبار حیدر: هەمان سەرچاوه، ص18.

[5] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل 36.

بەشی یەکەم

جولاّنەوە سیاسییەکانی شێخ و بارودۆخی سلێمانی پاش دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هیندستان

جولاٌنەوە سیاسییەکانی شێخ مەحمود تا ساڵی 1922

زۆربەی سەرچاوەکان لەسەرئەوە کۆکن, سەرەتای رۆیشتنە ناوەوەی شێخ لە سیاسەتدا, لەو سەفەرەوە دەستپێکرد کە لەگەڵ باوکیدا کردی بۆ ئەستەمبوڵو چاوی بە دیوانی سوڵتان کەوت, هەروەك پێشتر باسمان کرد، پێدەچێت هەر ئەو کات بیری پاشایەتیو دەسەڵاتداری کەوتبێتە مێشکیەوە[1] ، شێخ لە سەفەرەکەیدا هەموو جۆرە پیاوانێکی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بینی , گوێی بەدەنگی هاواری ئەو نەتەوانە زرنگایەوە کە داوای مافی خۆیان دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانیدا[2] ، شێخ پەیوەندی بە چەند سەرکردەیەکی باکوری کوردستانەوە کرد, لەوانەوە زۆر گیروگرفتو هەستی نەتەوەییو ئاواتو ئامانجیان شارەزابوو[3] .

لە کارەساتەکەی موسڵدا بەشداری کردووەو, لەپاش کوژرانی شێخ سەعیدو شێخ ئەحمەدی برای کەلەلایەن ئیتیحادییەکانەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو, لێرەوە رێگا لەبەردەم شێخ مەحمودا کرایەوە, بۆئەوەی ببێت بەجێگری باوکی لە پلەی شێخایەتیداو سەرۆکایەتی کوردەکانیش بکات بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان[4] ، لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی پێشوازییەکی بێ سنورکراو شیوەنێك بۆ شەهیدەکان تازەکرایەوە[5] ، ئیتر گەلی کورد دوورو نزیك شێخ مەحمودیان بە جێگری هەموو بنەماڵی کاك ئەحمەدی شێخو سەرداری وڵات دادەنا.

ساڵی 1914 دەوڵەتی عوسمانی چووە ناو جەنگی یەکەمی جیهانییەوە, ئەم جەنگە کوردستانیشی گرتەوە, چونکە بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی, دروشمی هاوپەیمانەکان کەدەیان وت ئێمە رزگارکەرین نەك داگیرکەرلەگەڵ چواردە بەندەکەی (ولسن)[6] ی سەرۆکی ئەمریکا, کەبەدانی مافی چارەنووس بەگەلانی ژێردەستە سەرنجی زۆربەی گەلانی بۆلای خۆی راکێشا, خەڵکی باشووری کوردستانیش بەسەرکردلیەتی شێخ مەحمود بیریان لەسەربەخۆیی کردەوە, عوسمانیەکانیش لەوکاتەدا لە فێڵو تەڵەکەی خۆیان نەکەوتن, کاتێك ئینگلیزەکان لە باشوورەوە هێرشیان کردە سەر عێراقو شاری بەسرەیان داگیرکرد, پیاوە سیاسییەکانی عوسمانی پەنایان بردە بەر ژمارەیەك لە پیاوانی ناوداری عێراقو کوردستان, لە پێشەنگیان پێشەوای ئایینی شێخ مەحمود بوو[7] ، شێخ مەحمود بە لەشکرێکی کوردی هەزار کەسییەوە بەهانای عوسمانیەکانەوە رۆیشت، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئینگلیزەکان, کە دیارە فاکتەری ئایینی پاڵی پێوەنابوو[8] بەشداری شەڕی شوعەیبە بکات, بەڵام پاش ئەوەی تورکەکان بە شکاوی لە شەڕەکەدا پاشەکشەیان کرد, شێخ مەحمودیش گەڕایەوە بۆ سلێمانی[9] .

---

[1] علاءالدین سجادي: شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، چ معارف، بەغداد، 1959، ل79. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 18. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 18–19.

[2] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل79. شكري محمد نديم: أحوال العراق في المرحلة المشروطية الثانية 1908–1918، رسالة دكتورا، تقدم الى مجلس كلية الأداب جامعة بغداد، مايس 1985، ص286.

[3] هەرچەندە بۆچوون جیاوازە دەربارەی ئەم سەفەرە لەلایەن ساڵەوە، بەڵام مامۆستا عەلادین سوجادی دەڵێ ساڵی 1908 بووە.

[4] عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات، ج 1–2، ص257–258.

[5] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 19. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل 45–46.

[6] بۆ زیاتر شارەزابوون لە بەندەکانی ولسن بگەڕێوە عبدالوهاب القيسي: تأريخ العالم الحديث 1914–1945، ط1، جامعة بغداد، كلية التربية، 1983، ص46.

[7] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 25.

[8] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 20. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ل49.

[9] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 25.

دواتر شێخ بەناوی جیهادەوە لە ناوچەی پێنجوێن ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوویەوە[1], لەم شەڕەدا شێخ مەحمود ئازایەتییەکی زۆری نواندو پاشەکشەی بە ڕووسەکان کرد لەو ناوچەیە[2]، ئەم ڕووداوە لە ساڵی (1917)دابوو, بەمەش شێخ زیاتر ناوبانگی دەرکرد, بەڵام بەهۆی هەڵوێستی خراپی عوسمانیەکان بەرامبەر بەخۆیو لایەنگرەکانی گەڕایەوە بۆ سلێمانی نارەزایی خۆی بەرامبەریان دەربڕی[3].

کاتێك ئینگلیزەکان سوپاکەیان پێشڕەوی کردو گەیشتە شاری کەرکوك, شێخ مەحمود بەنهێنی نامەیەکی نارد بۆ وڵسنی حاکمی گشتی عێراق0 لە ساڵی (1918)دا, لە نامەکەدا شێخ داوای لێکرد کە یارمەتی بدەن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی لە ژێر چاودێری خۆیاندا (ئینگلیز)[4]، تورکەکان پاش ئەوەی بەم نامەیان زانی شێخیان گرتو لە ڕێکەوتی (1918/8/30)دا حوکمی لەسێدارەدانیاندا بەسەر شێخدا, بەڵام لەبەر بەرژەوەندی سیاسی خۆیان گەڕاندیانەوە بۆسلێمانیو کردیان بە فەرمانڕەوای شارەکە[5]، دواتریش بۆ زیاتر ڕازیکردنی شێخ نازناوی (نقیب)یان پێ بەخشی, ئیتر لەوکاتەوە بوو بە شێخ مەحمودی نەقیب[6].

کاتێك کە جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات، بەپێی پەیماننامەی مۆدۆروس ئاگربڕی جەنگ ڕاگەیەنرا, عەلی ئیحسان پاشای والی تازەی ویلایەتی موسڵ، بۆ زیاتر ڕاکێشانی شێخ بۆلای دەوڵەتی عوسمانی, فەرمانیدا بەموتەسەڕیفی سلێمانی کە بەڕێوەبردنی ناوچەکە بداتە دەست شێخ مەحمود, شێخ بەناوی حکومەتی عوسمانیەوە بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی[7]، شێخ مەحمود ویستی سوود لە کات وەرگرێت بۆیە کە بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی دووبارە نامەیەکی نارد بۆ ئینگلیزەکانو داوای سەربەخۆیی لێکردن, بەپێی چەند مەرجێك بێنە سلێمانییەوە, ئەوانیش قبوڵیان کرد[8]. بۆ ئەم مەبەستە وڵسنی حاکمی گشتی ئینگلیز لە عێراق, (مێجەر نۆئێل)[9]ی وەك نوێنەری خۆی نارد بۆ سلێمانی, لە (1918/10/16)دا نۆئێل دوای گەیشتنی بەشار، لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانیدا شێخی وەك حوکمداری کوردستان ناساند[10]،

بەڵام ئەم پەیوەندیەی نێوان شێخو ئینگلیزەکان زۆری نەخایاند, چونکە ئینگلیزەکان لای خۆیانەوە هەوڵیاندەدا سنورێك بۆ دەسەڵاتی شێخ دابنێن[11]، بۆیە (مێجەر نۆئێل) کە نوێنەری ئیگلیز بوو لە حکوتەکەی شێخ مەحموددا,

---

1 (پێنجوێن) شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، نزیك سنووری کوردستانی ئێران.

2 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ل50. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 20.

3 علاءالدین سجادي: شۆڕشەکانی کورد، ل79–80.

4 خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 20.

5 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 26–27. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 21.

6 خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 23.

7 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل57. علاءالدین سجادي: شۆڕشەکانی کورد، ل79. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 21.

8 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 26–27.

9 (مێجەر نۆئێل) ئەفسەرێکی ئینگلیز بوو، ساڵی 1918 بە فەرمانی وڵسن هاتە سلێمانیو بوو بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ. ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل 519.

10 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل60–61. عبدلرزاق الحسني: تأریخ العراق السیاسي الحدیث، ج3، (ب.م)، 1948، ص248–249.

11 عبدالرزاق الحسني: تأریخ الوزارات، ص263. عبدالرزاق الحسني: تأریخ العراق السیاسي الحدیث، ج3، ص248–249. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 15.

تارادەیەك لەگەڵ شێخدا نەرم بوو، گۆڕاو (مێجەرسۆن)[1] یان لە شوێنی داناو کردیان بە ڕاوێژکاری سیاسیی شێخ لە سلێمانی, مێجەرسۆن هەر لە سەرەتاوە کەوتە پیلانگێڕان دژی شێخو دەسەڵاتەکەی[2] ، شێخ کەهەستی بەمە کرد بە هاوکاری (مەحمودخانی دزلی)[3] لە (23/مایسی/1919) دەستی بەسەر شاری سلێمانیدا گرتو ئاڵای ئینگلیزی داگرت, لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە لێدانێکی کوشندە بوو لە هەیبەتی ئینگلیز درا, بۆیە ئینگلیزەکان بە پەلە کەوتنە هەوڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە ,[4] لەم پێناوەدا هەموو هێزێکیان بەکارهێناو لە پاش چەند ڕۆژێك لە بەرەبەیانی (18/حوزەیرانی/1919)داو لە شەڕی (دەربەندی بازیان)[5] دا کۆتاییان بە شۆڕشەکەی شێخ هێنا, شێخیان لە شەڕەکەدا بەبریندای دەستگیرکرد.

شێخ مەحمود لە دادگایەکی سەربازیدا لە بەغداد لەلایەن ئینگلیزەکانەوە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا,بەڵام دواتر پەشیمان بوونەوەو حوکمەکەیان گۆڕی بە (10)ساڵ زیندانیو دەستبەسەری ڕەوانەی هیندستانیان کرد، تا ساڵی 1922شێخ لەوێ مایەوە[6] .

بارودۆخی سیاسیی سلێمانی پاش دورخستنەوەی شێخ مەحمود

شێخ مەحمود پاش ئەوەی لە (18/حوزەیرانی/1919) بەرامبەر بە هێزی ئینگلیزەکان لە شەڕەکەی دەربەندی بازیاندا شکستی هێنا, بەهۆی نا بەرامبەری هێزەکانو ناپاکی چەند کوردێك, بەبریندای بەدیل گیرا, پاشان ڕەوانەی هیندستا کرا[7] ، ئینگلیزەکان گەڕانەوە سلێمانیو لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ دانیشتواندا پەیوەندی بەهێزبکەن بەپێچەوانەوە کەوتنە سزادانی خەڵکی, بەتایبەتی ئەوانەی کە لایەنگری شێخ بوون لە سلێمانیو لە دەرەوەی شاردا[8] .

ئینگلیزەکان هێزێکی تایبەتیان لە سلێمانی دانا، ماوەیەك خەریکی گرتنی ئەو سەرۆکانە بوون کە لایەنگری شێخ بوونو گەلێکیشیان لێ جەریمەکردن[9] ، گەلێك موچەخۆرو دەرەبەگی سەربەخۆیان لە دەزگاو دائیرە میرییەکاندا دامەزراند، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیزەوە هەبوو، لەسەروویانەوە مێجەرسۆن کە بوویوو بە حاکمی گشتی لە سلێمانی، ئینگلیزەکان یارمەتیەکی زۆریشیان بەناو هەندێك لە ئاغاکانی پشدەرو سەرگەڵوو سەنگاودا دابەشکردبوو، کە بووبوون بە لایەنگیریان، بەئومێدی ئەوەی ئەوانی تریش بێن بە لایەنگریان.

---

[1] (مێجەرسۆن) ئەفسەرێکی ئینگلیزی بوو لە پاش مێجەر نوێئل بە بڕیاری مەندوبی سامی لە بەغداد بوو بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 40.

[2] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل86.

[3] (مەحمودخانی دزلی) کوڕی عەزیزبەگی بارام بەگە، ساڵی 1780ز لە گوندی دزلی سەر بە شاری مەریوان لە کوردستانی ئێران لەدایك بووە، سەرکردەی هەورامییەکان بووەو پەیوەندی لەگەڵ شێخدا پتەوبووەو خۆی بە سەربازی ئەو داناوە. عومەر مارف بەرزنجی: مەحمودخانی دزلیو لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، ڕۆژی کوردستان، ژ4، حوزەیران 1973، ل41–42.

[4] قاسم خلف عاصي الجميلي: العراق والحركة الكمالية، 1919–1923، رسالة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة بغداد، أيلول 1990، ص114.

[5] (دەربەندی بازیان) دەربەندێکە دەکەوێتە سەرووی سلێمانییەوەو لە مێژوودا بە هێڵی بەرگری سروشتی ناسراوە، بۆ پارێزگاری لە لیوای سلێمانی، هەر لەشکرێك لێرەوە سەرکەوتوو نەبوبێت نەیتوانیوە سلێمانی بگرێت.

[6] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل169–171. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 31–32.

[7] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1،ب1، ل168–169. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 32–33.

[8] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 34.

[9] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب1، ل 171.

فەرماندە سیاسیەکانی سلێمانیو هەڵەبجەو بێجیو دووزخورماتوو و خانەقینو موسڵ لە هەموو ئیشوکارێکدا پرسو رایان بە مێجەرسۆن دەکرد [1].

مێجەرسۆن کە بەرپرسی تێکدانی دەسەڵاتەکەی شێخ بوو، کاتێك گەڕایەوە بۆ سلێمانی, دەستیکردەوە بە ئاژاوەگێڕانو تالآنو بڕۆی خەڵکیو بەندکردنیان [2]، هەموو ماڵەکانی بنەماڵەی شێخان بەفەرمانی ئەو تالآنکران, زەویو زاریان خرایە ژێردەست کاریەدەستانی خۆیەوە, دۆستو نزیکەکانی شێخ دەربەدەرکرانو سزادران [3].

کردەوەکانی مێجەرسۆن بەرامبەر بە پیاوە ناودارەکانی کورد, زۆر بێبەزەییانە بوو, لەگەڵ ئەم تاوانانەدا دەیانویست دڵی خەڵکی بدەنەوە, ئازوقەو پارەیەکی زۆریان بەسەر زۆریەی خەڵکی بێدەرەتانی شاردا دابەش دەکرد [4]، خەریك بوو ڕێگاکانیان ڕێکدەخستو هەندێ ڕێگاشیان نوێ کردەوە, بەڵام ئەمانە زیاتر مەبەستی سیاسیو بەرژەوەندی خۆیانی لە پشتەوە بوو [5]، یەکەم کەس بوو فەرمانیدا ڕۆژنامەیەك بە کوردی لە سلێمانی دەربچێت بە ناوی (پێشکەوتن) [6] ەوە, ئەنجامی ئەم سیاسەتانەی ئینگلیز بوو بەهۆی پەیدابوونی ئاژاوە لە کوردستاندا [7]، جگە لەوەش پەیڕەوی سیاسەتە بەناوبانگەکەی خۆیان (پەرتکەو زاڵبە)ی دەکرد.

لەبەرئەوە نەیارانی ئینگلیز لە سلێمانیدا بەرەو زیادبوون دەڕۆیشتن, بەڕادەیەکی وا کە زۆر لە وانەی لەوەوپێش لە دەرپەڕاندنی تورکدا بەشدارییان کردبوو، چاوەڕێی هەلێکیان دەکرد ئەمجارە ئینگلیز لە سلێمانی دەرپەڕێنن [8]. ئەوەبوو دوو پارتی سیاسی کوردی دروستبوونو لە بەرەیەکی یەکگرتوودا یەکیانگرتو خەڵکێکی زۆریش بوونە لایەنگریان, یەکەمیان (پارتی نیشتیمانی کوردی)و دووەمیان (پارتی ئیسلامی کوردی) دژی ئینگلیز بوو [9].

پاش هەوڵدانی هەردوو پارتەکەو پەیوەندیکردنو ڕاوێژکردن, ئەمەش بوو بەهۆی زیادبوونی ناڕەزاییو بەردەوامبوونی لە ناوچەکانی کوردستاندا, ئەوەبوو لە ناوچەکانی پشدەرو ڕانیە هۆزەکان پەلاماری ئینگلیزەکانیانداو ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن [10]، (هەمەوەندەکان) [11] یش لە ناوچەکانی چەمچەماڵو سەنگاوو قەرەداغ لە ئینگلیزەکان ڕاپەڕینو دوو زابتیان لێکوشتن، ساڵی 1922 لە ناوچەکانی هەورامانو مەریوان مەحمود خانی دزڵی قارەمانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمود سەری بەرزکردەوە [12].

---

1 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 60.

2 ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب3، بەغداد، 1968، ل53–54. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 40–41.

3 خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 35.

4 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 60.

5 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 18.

6 (پێشکەوتن) ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە لە پاش گەڕانەوەی مێجەرسۆن بۆ سلێمانی دەریکرد، بۆ مەبەستی پەیداکردنی لایەنگر بۆ ئینگلیزو شێواندنی ئایینو ڕەفتاری کوردەکان. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب1، بەغداد 1985، ل155.

7 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 20.

8 خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 41.

9 دەربارەی ئەم دوو پارتە بگەڕێوە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 79.

10 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 79–80.

11 (هەمەوەند) خێڵێکی گەورەی ناوچەی چەمچەماڵو سەنگاوە، کەریم بەگی فەتاح بەگ سەرکردەیان بوو، خێڵێکی ئازا بوونو لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ چالاکییان زۆر بوو. ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 31.

12 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل93. ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 31.

ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ دژایه‌تی کردنی ئینگلیز له‌ ناوچه‌کانی کوردستان به‌گشتیو له‌ ناوچه‌ی سلێمانی به‌تایبه‌تی له‌ په‌ره‌سه‌ندندا بوو. له‌م هه‌موو ئاژاوه‌و کاره‌ساتانه‌دا بۆمان ده‌رده‌که‌وێت که‌ له‌ ساڵه‌کانی (1919–1921–1922) هه‌ر له‌ پاش دوورخستنه‌وه‌ی شێخ مه‌حمود، کورده‌کان بۆساتێکیش نه‌وه‌ستاون‌و بێووچان له‌ کارابوون، بۆ به‌گژاچوونه‌وه‌ی ئینگلیز[1]. هه‌ر له‌م کاته‌شدا ده‌نگوباسێك بڵاوبوویه‌وه‌ گوایه‌ له‌شکرێکی توورك دێتو په‌لاماری کوردستان ده‌داتو ده‌ست به‌سه‌ر لیوای موسڵدا ده‌گرێت. ئه‌مه‌ش له‌و کێشه‌ گرنگانه‌ بوو که‌ له‌ نێوان تورك‌و کوردو عه‌ره‌ب‌و ئینگلیزدا مابوویه‌وه‌[2]، به‌یارمه‌تی هه‌ندێك له‌ کورده‌کانی سه‌رسنوور توانیان ره‌واندز بگرن، ئۆزده‌میر پاشا[3]، ده‌ورێکی گرنگی بینی له‌ بڵاوکردنه‌وه‌ی پڕوپاگه‌نده‌ی تورك له‌ ناوچه‌ی ره‌واندز.

به‌م شێوه‌یه‌ ئینگلیزه‌کان گرفتاربوون‌و نه‌یانده‌زانی لا به‌ لای کام کێشه‌دا بکه‌نه‌وه‌, به‌ لای شۆڕش‌و پێکدادانه‌کانی ناوخۆ، یان به‌ لای ئۆزده‌میردا، که‌ ته‌نگی به‌ ئینگلیزه‌کان هه‌ڵچنیبوو[4].

له‌ سلێمانیش (مێجه‌رسۆن)ی حاکمی گشتی که‌ هه‌ستی به‌م مه‌ترسیانه‌ کرد شاره‌که‌ی به‌جێهێشتو دوو جیگری بۆ خۆی دانا, کابتن بۆندو مێجه‌ر ماکانت بوو به‌ڕاوێژکاری ئه‌و, که‌ زۆر هه‌ڵسوکه‌وتیان خراپ بوو له‌ گه‌ڵ دانیشتواندا. له‌ ئه‌نجامدا به‌هۆی ئه‌م هه‌ڵسوکه‌وته‌یانه‌وه‌ هه‌روه‌ك ئاماژه‌مان بۆکرد له‌لایه‌ن هه‌مه‌وه‌نده‌کانه‌وه‌ کوژران[5]. به‌رامبه‌ر ئه‌م بارودۆخه‌ نوێیه‌ له‌سه‌ر ئینگلیزه‌کان پێویستبوو که‌ هه‌ڵوێستی خۆیان بگۆڕن به‌رامبه‌ر به‌کوردستان.

هۆکاری گۆڕانی سیاسه‌تی به‌ریتانیا و عێراق به‌رامبه‌ر شێخ مه‌حمود

پاش دوورخستنه‌وه‌ی شێخ بۆ هیندستان, ئینگلیزه‌کان ویستیان ئیداره‌یه‌کی تایبه‌ت بۆکورد دامه‌زرێنن‌و به‌م جۆره‌ کۆتایی به‌ئاژاوه‌و شۆڕش بهێنن[6]، چونکه‌ بزوتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی نیشتمانی, پاش دوورخستنه‌وه‌ی شێخ رانه‌وه‌ستاو به‌رده‌وام بوو, به‌ڵکوکۆمه‌ڵه‌ی سیاسیشیان دروستکرد وه‌ك جه‌معیه‌تی کوردستان[7].

به‌تایبه‌تی پاش هاتنی (ئۆزده‌میر) بۆ ره‌واندزو بڵاوبوونه‌وه‌ی پڕوپاگه‌نده‌ی سیاسی, سه‌باره‌ت به‌گه‌ڕانه‌وه‌ی شاره‌کانی سلێمانی‌و هه‌ولێرو که‌رکوك بۆ ژێر ده‌سه‌ڵاتی تورك, به‌هۆی خێرایی گه‌یشتنی یارمه‌تی سه‌ربازییه‌وه‌[8].

---

[1] ره‌فیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 31.

[2] یاداشته‌کانی شێخ له‌تیفی حه‌فید: ل 80.

[3] (ئۆزده‌میر پاشا) به‌ ره‌گه‌ز میسری بوو، یه‌کێك بوو له‌و ئه‌فسه‌ره‌ تورکانه‌ی له‌ به‌ره‌کانی جه‌نگی عینتاب له‌ دژی فه‌ره‌نسییه‌کان ئه‌جه‌نگا، له‌ کاتی خۆیدا روتبه‌ی قائیمقامی وه‌رگرتبوو. خه‌باتی گه‌لی کورد له‌ یاداشته‌کانی ئه‌حمه‌د ته‌قیدا: ل 62–63.

[4] سجادی: شۆڕشه‌کانی کورد، ل93. درك كيذان، كوردهاو كردستان، (ت: ابراهيم يونسى)، چ أول، 1372 (1993)ز، ل93–94.

[5] یاداشته‌کانی شێخ له‌تیفی حه‌فید: ل 80.

[6] ره‌فیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 44.

[7] (جه‌معیه‌تی کوردستان)، ئه‌م جه‌معییه‌ ته‌ موسته‌فا پاشای یاموڵکی له‌ (1922/7/21) له‌ سلێمانی دروستیکرد، به‌مه‌به‌ستی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی پڕوپاگه‌نده‌کانی تورکو بزواندنی هه‌ستی کورده‌کان به‌رامبه‌ر به‌ سه‌ربه‌خۆیی، پاشان بڕیاری ده‌رکردنی رۆژنامه‌یه‌کیشیدا به‌ ناوی (بانگی کوردستان). ره‌فیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 486.

[8] حامد محمود عيسا على: المسألة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى 1991، م. متبولي، (ب.م)، 1992، ص133–134.

دەرچونی پەیمانی (سیڤەر)[1] دەوری کاریگەری هەبوو لە گۆڕانی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان, چونکە تاڕادەیەك مافی کوردی تیادا رەچاوکرابوو, بەپێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان, بەتایبەتی دەوڵەتی بەریتانیا تێبینی ئەوەی کرد کە کەمالیەکان لە تورکیا سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر دوژمنەکانیاندا بەدەستهێناوە[2] و هیوایان بەژیان هێناوە, گەڕانەوە سەر مەسەلەی موسڵ, چونکە بەتەواوەتی دەستیان لێ هەڵنەگرتبوو[3]، حکومەتی بەریتانیاش بەرامبەر بەداواکارییەکانیان کارتی کوردی بەدەستەوەبوو, واتە جارێکی تر بیری لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی کردەوە, چونکە ئینگلیزەکان بیریان لە دامەزراندنی حکومەتیکی کوردی نەدەکردەوە کە لەسەر زەوی خۆیان بێت (واتە: باشوری کوردستان) بەڵکو لەسەر زەوییەك کە تورکیا دەستی بەسەرداگرتووە[4].

دەربارەی بارودۆخی عێراقیش پاش شۆڕشی بیست[5]، ئینگلیزەکان لە بارودۆخێکی خراپدابوون, چونکە رای گشتی ئینگلیزەکان گەشتبووە رادەیەك کە سەربازەکانیان پاشەکشە پێبکەنەوە بۆ وڵاتەکەیان, چونکە پاش جەنگی جیهانی بوو, لە هەمانکاتدا پێویستیان بەژمارەیەکی زیاتری سەرباز هەبوو بۆ کۆنترولکردنو پاراستنی ئاسایشی عێراق, کە ئەوکات ئینگلیزەکان حکومەتێکیان تیادامەزراندبوو, (مەلیك فەیسەڵ)[6] یان کردبوو بەمەلیکو سەرپەرشتیاری ئەو وڵاتە[7].

لە بەرئەوە ئینگلیز بە ناچاری رێگای نزیکبوونەوە لە بزوتنەوەی نیشتیمانی کوردی هەڵبژارد, بۆ کوردێك دەگەڕان کە لەگەڵ سیاسەتی خۆیاندا بگونجێت, بەتواناو خاوەن نفووس بێت, کە کوردەکان باوەڕی پێبکەن,[8] لەو کاتەدا داواکارییەکانی (سەید تەها)[9] لەلایەن مەندوبی سامییەوە رەتکرایەوە.

پاش ئەوەی لە سەید تەها بێهیوا بوون, زانیان کە بەڕێوەبردنی سلێمانی لەلایەن مێجەرسۆنەوە هیچ سوودی نییە, لەبەرئەوە بۆ یەکێکی تر دەگەڕان, کە ئەو کەسە بەرژەوەندی خۆی زیاتر لامەبەست بێ وەك لە ئامانجەکانی نەتەوەکەی,

---

[1] لە (1920/8/10) هاوپەیمانەکان بەهۆی روودانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە رووسیاو نزیکبوونەوەی کوردەکان لە کەمالییەکانەوە لەگەڵ تورکیادا بەستیان. مەحمود موحەممەد بێرێژی: ئاکامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، گ. رامان، ژ 20، 1998/2/5.

[2] لەنێوان سالانی (1921– 1922) حکومەتەکەی مستەفا کەمال هەڵوێستی بەهێز بووبوو، چونکە بەرامبەر هەموو پیلانو شۆڕشەکان وەستا کە نەیارانی لە ناوەوەو دەرەوە دەیانگێڕا، وەك لایەنگرانی خەلیفە لە ئەستەمبوڵ، یۆنان لە ئەنادۆڵو راقیا، فەرەنسییەکان لە کیلیکیا، ئەرمەن لە ئەریوان. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل 498–499.

[3] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل499.

[4] جورج حجار: سات والمسألة الكردية، ص15.

[5] (شۆڕشی بیست) ئەو شۆڕشە بوو کە لە (30/حوزەیران/1920) لە عێراقدا هەڵگیرسا دژی سیاسەتی توندوتیژی ئینگلیز، شۆڕشەکە لەلایەنی سیاسییەوە سەرکەوتوو بوو. حسین جمیل: هەمان سەرچاوە، ص53.

[6] (مەلیك فەیسەڵ) کوڕی شەریف حسینی حیجازەو بەشداری جەنگی رزگارکردنی حیجازی کرد دژی عوسمانییەکان، لە پاداشتی ئەوەدا هاوپەیمانەکان لە تشرینی یەکەمی 1918 کردیان بە مەلیکی سوریا، پاش کۆنگرەی سانڕیمۆ 1920، سوریا کەوتە سەر فەرەنسا، بۆیە لە سوریا دەرکراو بەریتانیا لە (23/ ئاب/1921) کردی بە مەلیکی عێراق. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب2، ل186–187.

[7] ئینگلیز لە (12/مارس/1920) لە کۆنگرەی قاهیرەدا بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی نەتەوەیی بۆ عێراق دەرکرد. حسین جمیل: هەمان سەرچاوە، ص53.

[8] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل44.

[9] (سەید تەها) خەڵکی شەمزینانەو لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ مەحمود کەسایەتییەکی گەورەی هەبوو، ئینگلیز ویستی وەك داردەسێك بەکاری بێنێت، بەلام رێکنەکەوتن.

بۆئەم مەبەستەش هیچ کەسیان لە (حەمدی بەگی بابان)[1] بە شیاوتر نەدەزانی, ئینگلیزەکان هیوایەکی زۆریان پێی بوو کە ماوەیەك ناوی کەوتبووە سەرناوان, بەڵام ئەویش لە تاقیکرنەوەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو[2].

بارودۆخەکە زیاتر بەرەو گرژبوون دەڕۆیشت, بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی لە دوورخستنەوەی شێخ مەحمود زۆر دڵگرانو دڵ بریندار‌بوونو هەر رۆژەی لە لایەکەوە ڕووداوێك روویدەدا, بەتایبەت لە لایەن لایەنگرانی شێخ مەحمود کە تا ئەوکاتەش سەریان بۆئینگلیزەکان شۆڕنەکردبوو, هەر بەشاخەوە بوون[3].

بۆیە هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق بیریان لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی کردەوە, بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی بەریتانی بڕیاری گێڕانەوەی شێخ مەحمودیاندا بۆسلێمانی, چونکە لەو کاتەدا بەریتانیەکان تەکبیری لەمە باشتریان بەخەیاڵدا نەدەهات, حکومەتی ساوای عێراق هێشتا بەڕێوەبردنی کوردستانی بەتایبەت سلێمانی نەدرابوویە دەست، چارەنووسی ئەم هەرێمە بەدەست مەندوبی سامییەوە بوو, چونکە حکومەتی عێراق هێشتا نەگەیشتبووە ئاستێك کە سەرەڕای کاروباری خۆی دەست بۆ کوردستانیش درێژ بکات[4]، لە لایەکی ترەوە بۆئەوەی وەك کارتێکی فشاریش بەدەستیەوە بێت بەرامبەر بەحکومەتی عێراقی، بۆ ئەوەی بەپێی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بجوڵێتەوە[5].

چەند فاکتەرێکی تر هەبوون کە وایکرد ئینگلیزەکان هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە کوردستانو شێخ مەحمود بگۆڕن, لەوانە خۆڕزگارکردن لەو ماندویەتییەی کە شۆڕشە کوردییەکان دروستیانکرد, وەك هەڵگیرسانی شۆڕشی پشدەرییەکان لە ڕانیە[6]، کوشتنی چەند حاکمو نوێنەرێکی سیاسیو سەربازی ئینگلیز, لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا, تا ئەوکاتە هیچ بڕیارێك لە لایەن (کۆمەڵەی گەلان)ەوە سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەرنەکرابوو[7]، بەریتانیا دەیویست زووتر لە ژێرباری پێویستیەکانی سوپاکەیدا بێتەدەرەوە[8].

فاکتەری ئابوریش رۆڵی خۆی هەبوو, چونکە ئیدارەی وڵاتو کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشانە گران دەکەوت لەسەر خەزێنەی بەریتانیا[9].

جگە لەوانەش ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لەگەڵ ئۆزدەمیردا حساب ببڕنەوە, دەبوو هێزە بچووکەکەی تورك لە شاری رەواندز بکەنەدەرەوە, کۆتایی بەپڕوپاگەندەکانی ئۆزدەمیر بهێنن, لەبەرئەوەی باری ئابووری بەریتانیا رێگای نەدەدا بە لەسەرخۆیی ئەم کارە بڕواتە پێشەوە، بۆیە بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکەی ئۆزدەمیر شێخ مەحمودیان گەڕاندەوە بۆ سلێمانی[10].

[1] (حەمدی بەگی بابان) هەرچەنە لە بنەماڵەی بابانەکان بوو، مرۆڤێکی رۆشنبیر بوو، بەڵام زمانی دایکی خۆی نەدەزانیو سەختی ژیانی نەدیبوو، شارەزای وڵاتی باوباپیری خۆی نەبوو، بۆیە خەڵکی سلێمانی ئامادەنەبوون شێخ مەحمودی خاوەن مێژووو ئەزموون بگۆڕنەوە بە حەمدی بەگی بابان. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 99–100.

[2] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل 91–92.

[3] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل93–94. ستیظن سي بلتیر: الأکراد عنصر الأضطراب، (ـ: سەعدون موحەممەد)، (ب.ش، ت.س)، ص67–68.

[4] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل 499.

[5] مەحمود موحەممەد بیریژی: (گ. رامان)ـ هەمان سەرچاوە. عبدالرزاق الحسني: تأریخ العراق السیاسي، ج3، ص286.

[6] حامد محمود عیسی علي: هەمان سەرچاوە، ص133–134.

[7] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 81.

[8] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل 500.

[9] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل 500.

[10] ئەحمەد خواجە: هەمان سەرچاوە، ل125–126.

چونکە بەریتانییەکان لەسەر زاری (سێر پرسی کۆکس)[1] ەوە بیروباوەڕی بەوە نەبوو کە بەهێزی نیزامی سلێمانی بگەڕێتەوە ژێر دەسەلاتی, پێی وابوو بە گێڕانەوەی شێخ مەحمود کوردەکان لە دەوری شێخ کۆدەبنەوە, بۆ دەرکردنی تورکەکان لە ناوچەکەیان قۆڵی لێهەڵدەماڵن[2] .

ئەمانەو جگە لەوەی کە ژمارەی ئەوانەی کە داوای گەڕانەوەی شێخیان دەکرد ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبووندا بوو, ئەمە بوو بەداواکارییەکی گشتیو لە لایەن زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکیەوە پشگیری لێدەکرا[3] .

---

[1] (سیر پرسی کۆکس) مەندوبی سامی بەریتانی بوو لە بەغداد.

[2] کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، (و: محمد ريّاني)، تهران، 1990، ل116.

[3] أز/. منتشا شغيلي: العراق في سنوات الأنتداب البريطاني، ". جامعة بغداد، 1978، ص317.

بەشی دووەم

گـەڕانەوەی شێخ مەحـمودو دامەزراندنی حـکـومـەتـی سـلێـمـانـی

گەڕانەوەی شێخ و پێشوازیکردنی لە سلێمانی

پاش ئەوەی هەردوو حکومەتی بەریتانی و عێراقی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەهیچ ڕێگایەك نییە پەنای بۆبەرن جگە لە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود, کەوتنەوە پەیوەندیکردن پێوەی, ئەوەبوو بەبیانووی ناسازی ئاووهەوا لە هیندستانەوە گواستیانەوە بۆ کوێتو لە عێراق نزیك خرایەوە[1].

لە کوردستانیش پیاوە سەربازی و مەدەنییەکان بڕیاریاندا لە ڕێکەوتی (1922/9/5) لە دەشتی وەیسدا, کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەشرافو پیاوماقوڵەکانی شاردا ئەنجام بدەن, حاکمی سیاسی ئینگلیز (مێجەرسۆن) لە بەشێکی وتارەکەیدا لەو کۆبونەوەیەدا وتی: "بۆئەوەی ساردی لە نێوانماندا نەمێنێت, حکومەتی خاوەنشکۆ بڕیاریدا سلێمانی بەجێبهێڵێت, گەلی کورد خۆی دەزگایەکی حکومداری دامەزرێنێت, بەهیوای ئەوەی سەربەخۆیی و ڕزگاریتان لە ماوەیەکی کەمدا دیاری بکرێت"[2].

لە هەموولایەکەوە دەست بەرزبوویەوە, چەپڵە لێدرا, پاشان نوێنەری کورد (مستەفا پاشای یامولکی و شێخ موحەممەد غەریب)[3], هەریەکەیان وتارێکیان خوێندەوەو داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان کرد, ڕوونیانکردەوە بەبێ شێخ حکومەتی کوردستان دروست ناکرێت. حاکمەکەش لە وەڵامدا وتی: "ئەم داواکارییەتان دەگەیەنمە شوێنی خۆی"[4].

مستەفا پاشای یامولکی و کۆمەڵەکە داوایان لە (مێجەرسۆن) کرد, کە ڕازی بێت شێخ قادر بکرێت بە جێگری شێخ مەحمودو ئیشوکارەکان بەڕێوەبەرێت تا ئەوکاتەی شێخ دەگەڕێتەوە.

حاکمی ئینگلیز (گۆڵدسمیث) ڕازیبوو, دواتر هەستاو پێی وتن لەسەر بڕیاری حاکمی گشتی ئینگلیز ئێمە ئیشوکاری شارەکە بۆخۆتان بەجێدەهێڵین, وەکیلی دیوانیشی دانێ.

پاش ئەوە فڕۆکەکانی ئینگلیز دەستیان کرد بەگواستنەوەی مەدەنی وسەربازەکانیان, بۆ بەڕێوەبردنی شارەکەش ئەم کەسانە هەڵبژێردران: (مستەفا پاشای یاموڵکی, ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ, مەجید حاجی ڕەسوڵ بەگ, موحەممەد ئاغای حاجی ئەوڕڕەحمان ئاغا, شێخ موحەممەد گولانی) کە بەباشی ئیشوکاری خۆیان بەڕێوە دەبرد[5].

لە ڕێکەوتی (1922/9/5) کۆبوونەوەیەك بەسترا, مێجەر گۆڵدسمیث کلیلی دیوانو خەزێنەی دا بەشێخ قادر[6] تا شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە, شێخ قادر دەستی بەدامەزراندنی دامودەزگای حکومەتی کوردستان کرد تا هاتنەوەی شێخ مەحمود, بەسەرپەرشتی خۆی کۆبوونەوەیەك بۆ پاراستنی شاری سلێمانی لە هەڵمەتی تورکو عەشایرو بۆبەرهەڵستی خراپەو جەردەیی کەوتە گفتوگۆ.

بەتایبەت لە لایەن (تورك خواکان)[7]ەوە, کە لەم کۆبوونەوەیە پەستبوونو دەیانویست ئاژاوەبنێنەوە, بەڵام تا بڕیار لەسەر (ئەنجومەنی میللی کوردستان) نەدرا بە سەرۆکایەتی شێخ قادر لە کۆبوونەوەکە هەڵنەستان.

---

[1] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل 480–481. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 82.

[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 83.

[3] (شێخ موحەممەد غەریب) کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی بەرزبوو، لە کاتی حکومەتەکەی شێخ مەحموددا بوو بە وەزیری ناوخۆ. ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 606.

[4] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 83.

[5] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 83.

[6] لێرەدا شێخ لەتیف دەڵێت: پاش هەفتەیەك لەو کۆبوونەوەیە شێخ قادر گەڕایەوە، بەلام سەرچاوەکانی تر وەك ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە سوورن لەسەر ئەوەی پێش ئەو ماوە لە 1/ئەیلول/ گەڕاوەتەوە.

[7] (تورك خواکان) ئەوانەن کە خۆیان بە تورك دەزانی، یان تورکیان خۆشدەویستو دژی ئینگلیزەکان بوونو بووبوون بە هۆی پەرەسەندنی پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیرو بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەو کۆبوونەوەیەدا نەبوو، بۆ زیاتر شارەزایی بگەڕێوە ڕەفیق حیلمی: ل482.

لێرەدا با بگەڕێینەوە بۆ لای شێخ مەحمود, لە ڕێکەوتی (1922/9/12) شێخ کوێتی بەجێهێشتو بەرەو بەغداد کەوتەڕێ، لە بەغداد چاوی بەحاکمی گشتی عێراق (وڵسن)و (مەلیك فەیسەڵ) کەوتو چەند کۆبوونەوەیەکیان پێکەوەبەست, بەهیوای دامەزراندنی حکومەتێ بۆ کورد, پەیمانی دامەزراندنی حکومەتێك بۆ کورد کە پایتەختەکەی سلێمانی بێت تەواوبوو[1] ، وڵسن پەیمانی بەشێخ دا کە لە کۆمەڵەی گەلاندا, یارمەتی بدات, بەمەرجێك شێخ نەهێڵێت دەسەڵاتی تورك لە ناوچەکەدا بڵاوبێتەوەو پەرەبسێنێت[2] .

لە بەغداد پاش کۆبوونەوەکان بڕیار درابوو, کە شێخ مەحمود ببێت بە (سەرۆکی ئەنجومەنی میللی), دواتر هەستیان بەوەکربوو کە شێخ مەحمود ئەم ناونیشانەی بەدڵ نییە ،[3] لەبەرئەوە بەناونیشانی(حوکمداری کوردستان)[4] گۆڕدرا.

لە سلێمانی لە ماڵی شێخ قادری (سەرۆکی ئەنجومەنی میللی) کۆبوونەوەیەکی گەورە ڕێکخرا، لە دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ, بڕیار درا کە لە مزگەوتی گەورە کۆنگرەیەکی گشتی بگیرێتو بەشێوەکی رەسمی (ئاڵای کوردستان) هەڵبکرێ, ئەوەبوو بە بەشداری هەموو ئەندامانی ئەنجومەن, لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان، بەخۆشیو شادیەوە ئاڵای کوردستان بەڕەسمیو بەڕێزەوە هەڵکرا[5] .

پاشان شێخ قادری حەفیدو مستەفا پاشای یامولکی, کە ڕاوێژکاری شێخ قادر بوو, بڕیاری ئەوەیاندا, کە وەفدێك بنێرن بۆ پێشوازی شێخ مەحمود, وەفدی شاری سلێمانی بەسەرۆکایەتی شێخ قادر ڕێکخرا, لە ئەندامە ناسراوەکان مستەفا پاشا بوو, لەگەڵ هەندێك لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی[6] .

پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود بەچەند ڕۆژێك, هەندێك لە ئەفسەرە کوردەکان[7] کە لە سوپای عێراقدا کاریان دەکرد, بە فەرمانی حکومەتو بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحمود نێردرانەوە بۆ شاری سلێمانی, ئەمانە هەموویان چاوەڕوانی گەڕانەوەی شێخ بوون.

هەندێ لە ئەفسەرە لاوەکان لەم ماوەی چاوەڕوانییەدا, لە ناو خەڵکدا بەگشتیو لە ناو لاوەکاندا بەتایبەتی, هەستێکی بەتینی نیشتمانیو نەتەوەییان بڵاوکردەوە, مامۆستاو قوتابیەکانیش, لە ڕێکخستنی گۆرانی بەپیرەوەچووندا بوونو پرۆڤەیان لەسەردەکرد بۆ ڕۆژی گەڕانەوەی شێخ مەحمود[8] .

پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی گەڕانەوەی شێخ مەحمود, لە هەموولایەکی کوردستانەوە پۆل پۆلو دەستەدەستە, خەڵكو عەشایر بە پیادەو بەسواری ڕێیان گرتبووەبەر ڕووەو بەغداد، تاکو کفری ڕۆیشتنو ڕێگاوبانەکان بە خەڵکی پڕچەك ڕازابوویەوە, پاش ئەوەی شێخ مەحمود لەگەڵ مێجەر نۆیلدا[10] گەیشتنە (کنگریان)[9] , پێشوازی کەران لە سوارەی

---

[1] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل 506.

[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 84–85. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل507.

[3] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 85.

[4] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل515.

[5] (حوکمدار) ئەم وشەیە واتاکەی نزیکە لە (رئیس الولایة) یان (حاکم الولایة)، یەکەمجار لە هیندستان بەکارهێنراوە، ئەم پلەیە مانای سەربەخۆیی تەواو ناگەیەنێت، هەندێك واتای سەلاحییاتی ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزی هەڵدەگرێت. عبدالجبار حیدر: المسألة الكردية في الوثائق، ص113.

[6] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل512.

[7] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل513.

[8] وەك تۆفیق وەهبی، ئەمین ڕەواندزی، عەزیز قەزاز، فائق کاك ئەمین، لەگەڵ سدیق پاشا، کە بە فەرمانی مەندوبی سامی هاتبووە سلێمانی بەتەمابوو حکومەتی کوردستان لە ژێر چاودێری ئەودابێت. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل515–516.

[9] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل516.

[10] (مێجەر نۆئێل) ئەفسەرێکی ئینگلیز بوو، کە لە ساڵی 1918دا هاتە سلێمانیو لە دەوری حکومەی یەکەمی شێخ مەحموددا ڕاوێژکاری سیاسی شێخ بوو. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل519.

هۆزەکان هەمووی دەورەی شێخ مەحمودیاندا, بە بەرزکردنەوەی دروشمو وتنی سروودی نیشتمانی لە دەوری شێخ کۆبوونەوەو شاردیانەوە[1] .

دوای پێشوازی کردن, مستەفا پاشای یامولکی لە ناو جەماوەرەکەدا هەستاو وتارێکی گرنگی پێشکەش کردو خۆشحاڵی خۆیو گەلی کوردی نیشاندا بە هاتنەوەی شێخو گەڕانەوەی بۆ کوردستانو هێنانەوەی مژدەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حکومەتی کوردستان[2] .

پاشان شێخ مەحمودو نوێنەرانی ماوەیەك لە کفری مانەوەو ئیسراحەتیان کرد. دواتر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا سەبارەت بە گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی، لە رێگای کەرکوکەوە کە ئینگلیز بۆی دیاریکردووە, یان لە رێگای گەرمیانەوە, کە بەردەوام پاڵپشتی شێخ بوون. لە کۆتاییدا هاتنە سەر ئەوەی کە بە گەرمیاندا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی[3] ، لە رێگادا پێشوازیەکی بێوێنەکراو چاوی بەهەندێك لە سەرۆك هۆزەکان کەوت, لە کۆتایی ئەیلولی 1922 هاتە دەریکەلیو پاشان هاتەوە سلێمانی, کە لەوکاتەدا دانیشتوان لە ئاهەنگی پێشوازیکردنی شێخدا بوون[4] ، لە هەموو لایەکەوەو لە لایەن هەموو هۆزەکانەوە, ولاتی سلێمانی بۆ هاتنەوەی شێخ بوویوو بەپوورەی هەنگو رۆڵێکی مێژوویی بوو لە ژیانی سلێمانیدا[5] .

دروستکردنی حکومەت و راگەیاندنی مەلیکایەتی و بەیانی هاوبەشی هەردوو حکومەت

پاش ئەوەی کە رێوڕەسمی پێشوازی تەواوبوو، شێخ وەك چاوەڕێ دەکرا، نەجولایەوەو ماوەی (10) رۆژ خۆی لە کەس نەگەیاند، پاشان هەرچەند زۆر دوودڵ بوو، لەسەر بڕیاریٚ نەدەوەستا، دیاربوو شتی زۆر لە دڵدا بوو, بەلام نەیدەزانی لە کوێوەدەست پێبکات[6] .

شێخ پاش ئەم ماوە دەستی بەدامەزراندنی وەزارەت کرد، لە سەرەتادا بەفەرمانی حوکمداری ژمارە (1), (1922/10/9) لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری دانیشتواندا, لە شاری سلێمانی وتاری حوکمداری پێشکەش کرد, شێخ مەحمود لە سەرەتای وتارەکەیدا ئاواتی خۆشیو بەختیاری بۆ گەلی کورد خواستو دوورخستنەوەی ئەو سێ ساڵەی بۆ باسکردن[7] .

پاشان لە ژێرناوی (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)دا (کابینە) واتە وەزارەت دانراو بەفەرمانی حوکمداری ژمارە (2) لە رێکەوتی(1922/10/10) حکومەتی کوردستان تەشکیلکرا, کەپێکهاتبوون لە:

1- شێخ قادری شێخ سەعید — سوپا سالار[9]

2- شێخ حەمە غەریب — رەئیسی داخلیە

3- عەبدولکەریم عەلەکە — رەئیسی مالیە

4- مستەفا پاشای یامولکی — رەئیسی معاریف

5- شێخ عەلی ئەفەندی قەرەداغی[8] — رەئیسی شەرعو عەدل

---

[1] (کنکریان) وێستگەی وەستانی شەمەندەفەرەو (4) میل لە کفرییەوە دوورە.

[2] حامد محمود عیسی علی: المسألة لکردیة، ص135.

[3] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ل 85.

[4] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 86.

[5] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل517. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 88.

[6] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل94.

[7] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل523.

[8] بۆ زیاتر شارەزایی دەربارەی ئەم وتارە بگەڕێوە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 90. ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب3، ل114.

[9] (سوپا سالار) بە مانای (قائد العام)، یان (رئیس الرؤساء) یان سەرۆك وەزیر دێت.

6- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ[2] رەئیسی گومرگ

7- سەید ئەحمەد بەرزنجی[3] رەئیسی ئەمنی عام

8- سدیق پاشای قادری موفەتیشی گشتی حکومەتی کوردستان

9- موحەممەدئاغای عەبدورەحمان ئاغا رەئیسی نافعە

هەر لەو رۆژەدا بەفەرمانێکی تایبەتی شاری سلێمانی وەك پایەختی کوردستان ناسێنرا[4]، پاشان شێخ مەحمودی حەفید بەبۆنەی دامەزراندنی وەزارەت و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان, بەرامبەر ئەنجومەنی نیشتمانیو تارێکی بەپێزی خوێندەوە[5] .

بەفەرمانی حوکمداری ژمارە (3) لە رێکەوتی (1922/10/15) هەموو کاروبارەکان رێکخرا, هەموو وەزیرەکانو دایەرەکان پێویست کرا لەسەریان کە بەشێوەیەکی رێكو پێك دەوام بکەن[6] .

نوسینی دایەرەو دەرەوە بەکوردی دەستی پێکرد, پولی پێویست لێدرا, بزنانەو مەرانە وەردەگیرا، پسووڵەی ئەدرا, عەشیرەتەکان لای خۆیانەوە بەم حکومەتە دڵخۆش بوون, بەڵام ئەوەندە هەبووئەم حکومداریە تەنها لە سنووری سلێمانیدا بوو[7] .

شێخ مەحمود خۆی وادەردەخست زۆرگەورەترە لەوەی سەرکردەی هۆزێك بێت، بەتایبەتی کە رابردوویەکی نەتەوەییو نیشتمانی هەبوو, لە ناو ئێشو ئازاری نەتەوەکەیدا ژیابوو, بۆیە خۆی وادەبینی کە ئەو بۆ ئەوە هاتووەتەوە کە میللەتەکەی رزگار بکات. بۆیە خێرا، کە هەر لە رێگاوە دوو دڵ بوو، لەو رێککەوتنە سەرزارییەی کە لە بەغداد پێکهاتبوو[8]، ئینگلیزەکانیش بە هەمان شێوە هەستیان پێکردبوو لە کفری، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، بەناچاری رازی بوو بە دانانی شێخ مەحمود وەك حوکمدار، پەیمانی ئەوەشی دایە کە لە وێنەیەکی فراواندا (خود موختارییەت بدرێت بە کوردستان)[9] .

---

[1] هەرچەندە رەفیق حیلمیو عەلادین سوجادی دەڵێن حاجی سەعید کەرکوکی زادە وەزیری شەرعو عەدل بووە، بەڵام شێخ لەتیفو ئەحمەد خواجەو کریس کۆچیرا لەسەر شێخ عەلی ئەفەندی رێکن.

[2] (ئەحمەد بەگ) لەگەڵ بوونی وەزیری مالییەشدا خۆی هەر بە وەزیر دادەناو لەگەڵ هەیئەتی وەزیراندا دادەنیش، ئەمەش هەڵەی ئەو نەبوو، حکومەتەکە خۆی وا دارێژرابوو. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل525-526.

[3] (سەید ئەحمەد بەرزنجی) هەرچەند ئەم پلەیەی هەبوو، بەڵام لە هەیئەی رەئیسەکان نەدەژمێردرا، چونکە رەئیسی داخلییە کە بە مانای وەزیر دەهات، سەرپەرشیاری ئەمنییەتی گشتی بوو، لەبەر ئەوە راستر ئەوەبوو کە بە مدیری ئەمنییەت ناوببرێت. رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز5، ل524-525.

[4] کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، ل122-123.

[5] دەربارەی ئەم وتارە بگەرێوە بۆ یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 91-92. ئەحمەد خواجە چیم دی، ب3، ل115.

[6] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 94.

[7] سجادی: شۆرشەکانی کورد، ل98. عەزیز شەمزینی: جولانەوەی رزگاری نیشتمانی، (و: ئەسەسەرد)، چ دووەم، ئەیلول 1985، ل112.

[8] لە بەغداد شێخ مەحمود لەگەڵ ولسنو مەلیك فەیسەڵ لەسەر ئەمانە رێککەوتن:

1- دەرکردنی تورکەکان لە کوردستان، واتە پاراستنی عێراق لە تورك.

2- مەسەلەی موسڵ بۆ عێراق لەژێر ناوی کوردستان بۆ عێراق بهێڵێتەوەو باسی کەرکوكو هەولێریش نەکاتو سەر بە کوردستان نییە. (رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز 5، ل531.

[9] رەفیق حیلمی: یادداش، بگ 2، جز 6، ل532-533.

بەڵام شێخ مەحمود ئاواتی زۆر لەوە گەورە تری هەبوو، بۆیە بەمانەوە نەوەستاو هەمووی مانگێکی پێنەچوو، لە کۆتایی تشرینی دووەم ناوی (حوکمداریشی) گۆڕیو نازناوی (مەلیکی کوردستان)[1]ی بۆ خۆی هەڵبژارد[2]، پاشان دەستیکرد بە اواکردنی تێکڕای ئەو شارانەی کە کوردنو ئەکەونە خاکی کوردستانەوە[3]، ئاڵای کوردی بەرزکرایەوە کە مانگێکی سوور بوو لە پارچەیەکی سەوز لەگەڵ تاجێکی ڕەنگاوڕەنگ (مزخرف) جێگیر لەسەر ئاڵاکە، وەك جیاکەرەوەیەك لە هەموو ئاڵاکان[4].

بەرامبەر بەم بەپێشەوە پێشهاتو ڕووداوانە، کاردانەوە لە لایەن هەردوو حکومەتی بەریتانیو عێراقی ڕوویدا، ئەوەبوو بەیانێکیان لە (22/کانونی یەکەم/1922) دەرکرد، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

"هەردوو حکومەتی بەریتانیو عێراقی دان دەنێن بە ماف کورد، ئەوانەی کە لە سنووری عێراقدا نیشتەجێنو تیایدا دەژین، حکومەتێکی کوردی دروست بکەن، لە چوارچێوەی سنووری کوردستانی عێراق، هەردوو حکومەت ڕایانگەیاند کە بە ئاواتن ڕەگەزە کوردییەکان بە جیاوازی دەستەو تاقمیان بگەن بە ڕێککەوتنێك لە نێوان خۆیاندا، بەنیسبەت شێوەی ئەو حکومەتەی کە دەیانەوێت، لەگەڵ ئەو سنوورەی دەیانەوێت بیگرێتەوە، دوو نوێنەری پایە بەرز بنێرن بۆ بەغداد، بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن لەسەر پەیوەندی سیاسیو ئابووری لە حکومەتی خاوەن شکۆو حکومەتی عێراقی"[5].

ئەوەی پاڵی نا بە هەردو حکومەتەوە کە ئەم بەیانە دەربکەن لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1- ترسانی بەریتانییەکان لە بوونی پەیوەندی نهێنی شێخ مەحمود بە کەمالییەکانەوە.

2- لە هەمانکاتدا بوونی پڕوپاگەندەیەکی زۆری کەمالییەکان[6] لە سلێمانی بڵاوبووبوویەوە بەهۆی تورکخوانەکانەوە، لەبەر ئەوە بەریتانییەکان ویستیان بەهۆی ئەو بەیانەوە بتوانن کوردەکان بێدەنگ بکەن، لە هەمان کاتدا بیانکەن بە نەیاری کەمالییەکان[7].

ئەو دەستەو کۆمەڵانەی کە لە دەوری شێخ کۆبوونەوە

شێخ مەحمود لە دوور وڵاتەوە بە ئومێدی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیو یەکگرتنی هەموو چینو توێژەکانی لە ژێر ئاڵای ئەو حکومەتەدا گەڕایەوە بۆ کوردستان[8]، هەوڵی زۆریدا بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بەدلخەوە ناکۆکی چینو توێژەکان زۆر لەوە قوڵتر بوو کە شێخ هەوڵی بۆ دەدا.

---

[1] بە وتەی ڕەفیق حیلمی، مێجەر (ئەدمۆنس) کە ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بوو لە نامەیەکدا کە بۆ ڕەفیق حیلمی ناردووە لەژێر ناوی (The middle East Lorand)داو لەژێر ناوی (The Kurds of Iraq) بڵاوکردووەتەوە، لەم بوارەدا ئەدمۆنس پێی وایە کە هەوای نەشئە بەخشی کوردستان شێخ مەحمودی سەرمەست کردو هەموو گفتێکی کە لە بەغداد دابووی لەبیر بردەوە، زۆری پێنەچوو نازناوی (مەلیکی کوردستانی) لەخۆی نا.

[2] هەرچەندە شێخ ڕەئوف لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: نازناوی مەلیکی کوردستان لە کفرییەوە لە کۆنگرەی یەکەمدا بۆ شێخ هەڵبژێردرا، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکانی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم نازناوە لە پاش دامەزراندنی حکومەتەکە بووە لە سلێمانی.

[3] کریس کۆچیرا: (هـ. س)، ل122-123.

[4] حامد محمود عیسی علی: المشكلة الكردية، ص135-136.

[5] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب3، ل113. قاسم خلف عاصي الجميلي: (هـ. س)، ص121.

[6] ئەم پڕوپاگەندانە بەهۆی پیاوەکانی تورکەوە بوون کە بڵاویان دەکردەوە، کوردستان بۆ ئەزدمیرەو بۆ تورك ساغ بووەتەوە، ئینگلیزەکان ترسیان دەخستە پێش ئەوانەی کە بە ئەوان ڕازی نین، (ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل567.

[7] قاسم خلف عاصي الجميلي: (هـ. س)، ص121.

[8] یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل90.

شێخ مەحمود هەر لە سەرەتادا، سەری سوڕمابوو، نەیدەزانی روویکاتە کام لا، لەبەر بێقەراری خەڵكو شێواوی تێکەڵو پێکەڵی بیروباوەڕ، سەری لێشێوابوو، باوەڕی بەکەس نەدەکرد، راوێژکارێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری نەبوو، ئەوانە کە لەو رۆژەدا لە سلێمانی بوون دانوویان پێکەوە نەدەکولا،[1] هەریەکەیان سەر بە دەستەیەك بوو، کە پێکهاتبوون لەمانە:

یەکەم: شێخەکانی بەرزنجەو نزیکەکانی

ئەمانە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی شێخ مەحمود مەلیکەو لەبەرەی بەرزنجەیە، ئەیانویست هەر ئیشو کارێك هەیە، ئەبێ لە ژێر دەستی ئەواندا بێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە هەموو جۆرێك ئەیانویست حکوم بکەنو خۆیان هەموو شتێك بن، هەریەکە لەلایەکەوە ئاغایەك بوو بۆ خۆی، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە[2].

بێگومان ئەمەش کارێکی خراپی (سلبي) دەکردە سەر هەیبەتی شێخ مەحمودو مەلیکایەتییەکەی، بە جۆرێك کە خەڵکی بێزار بوویوون لە زۆری دەستەو دایەرەی حوکمدار، ئەمەش دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمودی بەرەو هەڵدێر دەبرد.

دووەم: رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرەکان

هەندێك لە وڵات دیدەکانی سلێمانی لەو باوەڕەدابوون کە سیاسەتو خزمایەتی گەلێك لێك دوورنو لەسەر ئەو رێڕەوە بوون، کە مەیدانی سیاسەت ئەوەیە کە لە هەر لایەکەوە بای هات پیاو ئەبێت لەولایەوە شەن بکات، لە باوەڕی ئەواندا تێکچوونی دەوڵەتی عوسمانیو هاتنی ئینگلیز، ئەمە دەورێکە کە لە وڵاتدا کراوەتەوە، چونکە ئەگەر ئینگلیز نەبولیە کورد نەدەگەشت بەم سەربەخۆییە، لەبەر ئەوە کورد پێویستە لەگەڵ ئینگلیزدا بێت[3].

لاوە نیشتمانپەروەرەکان لەگەڵ ئەوەشدا، کە زۆر کەم بوونو لە هیچ لایەکەوە پشتیوانیان نەبوو، بەڵام گیانی میللییان ئێجگار بەرزو بەهێز بوو، زۆربەی دەستەی خەڵكو رەشۆکی شار بەوانەوە ئەلکاو لێیان نزیك ئەکەوتنەوە[4].

بەشێك لە مامۆستایانی قوتابخانەو ئەفسەرە لاوەکان[5]، بەتایبەتی دەستەی قوتابی، هۆی پەرەسەندنی بیری نیشتمانیو گیانی نەتەوەیی کورد بوون لە ناو خەڵكو دەستەی نەخوێندەواردا، نیشتمان پەروەرەکان لە لایەن تورك خواکانەوە بە فریودراوی ئینگلیز دادەنران[6].

بەڵام شێخ مەحمود کە گەڕایەوە، ئەم ئەفسەرانە پەیوەندییان پێوەکرد بە مەبەستی خزمەتکردن لە حکومەتی کوردستاندا، نوێنەری چینی رۆشنبیریش بوون، بەدلخەوە شێخ نەیتوانی سوود لە شارەزاییان وەربگرێت، دووری خستنەوە، لە جیاتی پشتبەستن پێیان، لە بەڕێوەبردنی حکومەتەکەیدا[7]، کە بە خراپ بەسەریدا یەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتنو سروشتی شێخ مەحمود، کە ئامادە نەبوو هیچ رۆشنبیرێك رەخنەی لێبگرێت[8].

شێخ مەحمود ئەگەر بەم کارەش هەستابێت، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە رێگەی بە رۆشنبیرەکان نەداوە بەشداری لە دەسەڵاتو حکومەتدا بکەن، بەڵکو شێخ مەحمود وەك سەرکردەیەك، ئەوەی دەزانی کە زۆرێك لەم ئەفسەرانە لەلایەن

---

[1] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ 2، جز 6، ل540–541.

[2] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل97.

[3] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل57.

[4] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل541.

[5] (ئەفسەرە لاوەکان) هەندێك لەو ئەفسەرانەن کە لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لەلایەن حکومەتی عێراقەوەو مندوبی سامییەوە نێررابوون بۆ کوردستان، بۆ یاررمەتیدانی حکومەتەکەی شێخ کە هەستێکی نیشتمانیان هەبوو. (رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل515.

[6] رەفیق حیلمی: یادداش، بگ2، جز6، ل541.

[7] حامد محمود عیسی: المسألة الكردية، ص137.

[8] حامد محمود عیسی: (هـ، س)، ص137.

حکومەتی عێراقو مەندوبی سامییەوە نێردراون، ئەبوایە حەزەری لێبکردنایە، بەتایبەت (سدیق پاشا)[1] ، کە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ مەندوبی سامیدا هەبوو، چاوەڕێی ئەوەبوو کە حکومەتی کوردستان لە ژێر چاودێری ئەودا بێت.

سێیەم: تورکپەرست یان پیاوەکانی تورک

ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە تورکەکانیان بە باشتر دادەنا، بەرژەوەندییان لەگەڵ تورکەکاندا دەگونجا، ئەمانە زیاتر پیاوانی ئایینیو ئەو کۆمەڵانە بوون کە لەسەر بیروڕای پێشین بوون. بوو بە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەکانی ئۆزدەبیر[2] ، ئەمانە سووربوون لەسەر ئەوەی کە حکومەتی تورك، لەبەر ئەوەی ئیسلامییە، بێتەوەو لە ژێر فەرمانی خەلیفەدا بن[3] .

بۆ ئەوەی زیاتر لەم تورکخوانە ئاگادار بین، پێویستە چاوێك بە مێژوویاندا بخشێنین لە پاش دوورخستنەوەی شێخ، بەهۆی کردەوە ناڕەواکانی ئینگلیزەوە، شەڕو ناخۆشی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە بەتایبەت ڕانیەو قەڵادزەو کۆیە لەگەڵ ڕەواندز[4] ، ئەمانە هەموویان دژی ئینگلیز بوون، سلێمانی پاش داگیرکردنەوەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پڕبوو لە هیندیو ئێرانی. کردەوە ناڕەواکانی مێجەرسۆنو لایەنگرانی ئینگلیز، ژیانیان لە خەڵکی تاڵ کربوو[5] ، بۆیە خەڵك لەم کاتەدا بۆ ڕزگابوون لە حکومەتی ئینگلیزو جەورو ستەمی دەستو پێوەندەکانیان، دەستیان درێژەکرد بۆ هەموو دوژمنێکی ئینگلیز[6].

ئاغاکانی قەڵادزەو ڕانیە لەگەڵ ڕەواندز، بەهۆی چەند کەسێك وەك ئەحمەد تەقی قسەیان کرد بە یەكو بڕیاریاندا کە نوێنەرێك بنێرن بۆ لای تورك، ئەوەبوو ڕەزامەندی لەلایەن والی (وان)[7] ، (قەدری بەگی خەڵکی دیاربەکر) وەرگیرا[8] ، ئەم هەواڵە بە شۆڕشگێڕەکانی ڕەواندز گەیەنرا، لە مانگی مایس لە بەهاری ساڵی 1921 مەفرەزەیەکیان ناردە شەمزینان، پاشانیش بۆ ڕەواندز، لە پاشان لە حوزەیرانی 1922 تورکەکان تاقمێك سەربازیان ناردە ڕەواندز لەژێر فەرماندەی (عەلی شەفیق) ناوێکدا کە خۆی ناونابوو (ئۆزدەمیر پاشا)[9] ، بەمەبەستی دروستکردنی پروپاگەندە بۆ هەڵگێڕانەوەی عەشیرەتە کوردەکانی باشووری کوردستان لە ئینگلیزەکان[10] ، گێڕانەوەی ئەو جێگایانەی کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکراوەو بە خاکی تورك ناسراون[11] .

[1] (سدیق پاشا) لە شەڕی جیهانی یەکەمدا لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەربوو، بە خۆیو تابوورەکەیەوە یان فەوجەکەیەوە گیراو ڕەوانەی رووسیا کرا، لەوێ لەگەڵ لەشکری سپیدا بەشداری شەڕی ناوخۆی کردو پلەی ژەنەراڵی وەرگرت، رووسیی باش دەزانی، پاش شکانی ئەم لەشکرە گەڕایەوە بەغداو بەهۆی زمانەکەیەوەو شارەزاییەوە مەندوبی سامی لە خۆی نزیك کردەوە، پاشان لە کاتی حکومەتی شێخدا بە ئەمری مەندوبی سامی نێردرایە شلێمانی. (ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل516–517.

[2] (أوزدمیر) بە مانای گیان پۆڵا دەگرێتەوە.

[3] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل97.

[4] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 546.

[5] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 35.

[6] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل51.

[7] (وان) شارێکە دەکەوێتە کوردستانی تورکیاوە.

[8] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 546–547. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 45–46.

[9] منتشا شغیلی: (هـ.س)، ص318. عبدالرزاق الحسني: تأريخ العراق السياسي الحديث، ص286.

[10] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل24.

[11] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 554–556.

بە گەیشتنی (ئۆزدەمیر) بۆ ڕەواندز، کوردەکان لە هەموو لایەکەوە کەوتنە هاتووچۆ، دەسەڵاتێکی گەورەی لە ڕەواندزدا پەیداکرد، گەلێك لە تیرەکانی کرد بە لایەنگری خۆیو تورکەکان، ناوچەکانی ڕەواندزو کۆیەو ڕانیەو بەشی زۆری پشدەر بە فەرمانی ئەم دەرۆشت بەڕێوە[1].

پاش کوژرانی (کابتن بۆند)[2]، لە لایەن کەرم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندەوە پاڵیدا بەلای (ئۆزدەمیر)ەوەو پەیوەندی بە ڕەواندزەوە کرد، ئیتر هێزو دەسەڵاتی ئۆزدەمیر بەرەو زیادبوون دەرۆشت[3]، بەمشێوەیە زۆربەی ئەوانەی کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە گیروگرفتیان تووش بووبوو، ڕەواندزیان کردبوو بە بنکەی خۆیان[4]، ئەمانە هەندێکیان بە تەواوی بووبوون بە خزمەتکاری ئۆزدەمیرو بۆ مەبەستی تورکەکان کەوتنە چالاکی، ژمارەیەك لەم کۆمەڵەیە بە نهێنی لە شارەکانی کوردستانو سلێمانی بەتایبەتی، بە ئاشکرا وەك چەکدار لە ڕەواندز، بە هۆی پڕوپاگەندەکانی ئۆزدەمیرو هەڵوێستی دژیان بەرامبەر ئینگلیزەکان لە زیادبووندا بوو[5]، بە ڕادەیەك جێگای بە ئینگلیزەکان لەق کردبوو بەتایبەت پاش چۆڵکردنی ڕانیەو دەربەند[6]، بەهۆی فشاری سەربازانی ئۆزدەمیرو ئەم تاقمەوە[7].

ئینگلیزەکان بە هۆی فراوانخوازییەکانی ئۆزدەمیرەوەو ئەو کوردانەی کە بووبوون بە یەك لەگەڵیدا، سلێمانییان چۆڵ کردو شێخ مەحمودیان هێنایەوە، بۆیە کاتێك کە شێخ مەحمود گەڕایەوە، کار لە کار ترازابوو، تاقمی تورکخواکان بە ڕادەیەك پەرەیان سەندبوو، کە شێخ مەحمود نەیدەتوانی لە داویان دەربچێتو هەڵوێستێکی جیا وەربگرێت[8]، خێرا لەلایەن هەندێك ئاغای سەر بە تورکەوە بەخێرهاتنەوەی کرا، بە ئاگاداری (چکمەن)[9]، واتە شێخ مەحمود لە هەموو لایەکەوە بە تورك خواکان دەورە درابوو.

چوارەم: ئینگلیز پەرستەکان یان پیاوەکانی ئینگلیز

ئەمانە دەستەیەك لاو بوون، ئیمانیان بە ئینگلیز هێنابوو، ئەمانە سیخوڕو پیاوەکانی ئینگلیز بوون کە پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود لە سلێمانی بووبوون بە کلکی ئینگلیزو یارمەتی مێجەرسۆنیان دەدا، خەریکی شەڕو ئاژاوە بوون، گاڵتەیان بە تەقەلای نیشتمان پەروەرەکان دەهات، بەلای ئەوانەوە تورکخواکان شوێن کڵاوی بابردوو کەوتوون[10].

بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی ئەم تاقمە زیادی کردو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بۆیان ڕوونبوویەوە کە بەکارهێنانی شێخ مەحمود بۆ جێبەجێکردنی مەرامی خۆیان شتێکی موستەحیلە، ئەمە وای لێکردن کە پەنا بەرنە بەر پیاوانی کوردی نۆکەری خۆیان،ماڵێکی زۆریشیان بەسەردا پژاندن، ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاکانی ڕانیە بوونە پێشڕەوی ئەم کارە، سەنگاوو قەرەداغیش هەنگاوی خۆیانیان نا[11].

---

1 منتشا شفيلي: (هـ.س)، ص318.

2 دەسەڵاتداری سیاسی چەمچەماڵ بوو.

3 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ب1، ل262.

4 أحمد عثمان أبوبكر: بیاذات و تصریحات کولونیل میر الاندی أوزدمیر ثاشا الی القبائل الکردیة، جریدة خبات، ع834، 1997/7/25.

5 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 542-543.

6 (دەربەند) ئەم دەربەندە لە ڕانیەیە، لە شەڕی دەربەندی ڕانیەدا ئینگلیزەکان تێکشکان بەرامبەر بە تورکەکان.

7 أحمد عثمان أبوبكر: (ە.س).

8 خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 64-65.

9 (چکمەن) ئەفسەرێکی سیاسیی بوو کە لەگەڵ مێجەر نۆئێڵدا لەگەڵ شێخ مەحمود هاتنەوە بۆ سلێمانی.

10 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ1، ب2، ل29.

11 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل111.

شێخ مەحمودی تینوی ئازادی، ماندوو بەدەست فرەلایەنیو زۆری بیروڕاوە، نەیدەزانی لا بەلای کام لادا بکاتەوەو کێ بە ڕاست بزانێت، هەر بۆیە لەسەرەتای هاتنەوەیدا پتر لە هەموو شتێك یەکێتیو برایەتی لە نێو گەلی کورددا ڕوونکردەوەو بۆ ئەو مەبەستە زۆر هانیدان، چونکە دەیزانی بەبێ یەکگرتن سەرکەوتن مەحاڵە[1] .

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل90.

بەشی سێیەم

پەیوەندییە دەرەکییەکانی شێخ مەحمود

یەکەم: دەوڵەتی تورك (ئۆزدەمیر)

پێش گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی، دەسەڵاتی ئۆزدەمیر بە شێوەیەك لە كوردستاندا پەرەی سەندبوو، بەتایبەت بە هۆی پڕوپاگەندەكانییەوە، ئینگلیزەكان بە پەلە شێخیان هێنایەوە بۆ سلێمانی[1]، بە ئاواتی دوورخستنەوەی ئەم مەترسییە لەسەر كوردستان.

بەڵام ئۆزدەمیر زۆر وردبینانەو بە ئەزموونەوە لە رووداوەكانی دەڕوانی، بۆیە پاش چۆڵكردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەكانو دامەزراندنی (مجلس میللی كوردستان) بە سەرۆكایەتی شێخ قادری حەفید، بە مەبەستی پاراستنی شار، دەستبەجێ نامەیەكی[2] دوورودرێژی نارد بۆ شێخ قادر، لە بەندی حەوتەمی ئەم نامەیەدا وەسفو سەنای شێخ مەحمود دەكات، كە بەرامبەر ئینگلیزەكان جەنگاوەو دژایەتی كردوون، داوا لە شێخ قادریش دەكات لەسەر ئەو رێڕەوە بەردەوام بێتو نەكەوێتە تەڵەی ئینگلیزەكانەوە[3].

كاتێك شێخ گەڕایەوە سلێمانی، بە ناوی ئینگلیزەوە، تەنیا (مێجەر نۆئێلو چەكمن)ی لەگەڵدا بوو، كە رێگرین لەبەردەم شێخدا بۆ پەیوەندیكردن بە توركەوە، ئەوانیش بە توركخواكان دەورە درابوون[4]، توركەكان زۆر لێزانانە بۆ ئەوەی پیشانی بدەن كە هەڵوێستیان بەرامبەر شێخ نەگۆڕاوە، ئەو هێزەی كە لە (قەمچوغە)[5]دا بوو گواستیانەوە بۆ رانیە[6].

مێژووی پەیوەندی نێوان شێخو توركەكان، لە ئەیلولی[7] (1922)ەوە دەستپێدەكات، واتە لەو رۆژەوەی پێینایە خاكی كوردستانەوەو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی[8]، شێخ كە گەڕایەوە پێشبینی ئەوەی كرد كە ئەو مەبەستەی ئینگلیزەكان بۆیان هێناوەتەوە[9] زۆر ستەمە بە تەنها ئەنجامی بدات، بارودۆخی سیاسیو ئابووری ئەوكاتەی دەوڵەتی ئینگلیزیش بە رادەیەك خراپ بوو، ئامادە نەبوون هیچ یارمەتییەك پێشكەش بە شێخ بكەن لەو بوارەدا[10]، بە هۆی ئەزموونی پێشووەوە كە لەگەڵ توركدا هەیبوو[11]، وەهاش برابووە مێشكییەوە كە موسڵ ئەدرێتەوە بە تورك یان بە زۆر دەیگرنەوە، بارودۆخی ناوخۆی كوردستانیش زیاتر لە بەرژەوەندی توركدا بوو[12].

شێخ لە رۆژێكی وادا ئەوە بارودۆخی كوردستانو هەڵوێستی دەوڵەتی پێشتگیر بێت، چۆن دەیتوانی لەگەڵ توركدا بجەنگێ، ئایا ئەو هێزەیە لە رەواندز یان هێزی تری پاڵپشتی هەیە؟ ئایا سەرۆك عەشیرەتەكان تا سەر لەگەڵیدا دەبن یان نا؟ ئەگەر موسڵ درایەوە بە تورك شێخ چارەنووسی چی دەبێ؟ حكومەتەكەی چیی لێدێ؟ ئەمانە هەمووی خرابووە پێش چاوی شێخ وەك هۆیەك بۆ نزیكبوونەوە لە (ئۆزدەمیر)، ئەویش زۆر بە لێزانانە لە ژێرەوە بە نەرمی چ بەهۆی نامەكانییەوە

---

[1] خەباتی گەلی كورد لە یاداشتەكانی ئەحمەد تەقیدا: ل 67. أحمد عثمان أبوبكر: بیانات و تصریحات كولونیل میر الاندی أوزدمیر ثاشا الی القبائل الكردیة، جریدة خبات، ع834، 1997/7/25.

[2] دەربارەی ئەم نامەیە بگەڕێوە رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 594–595.

[3] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 595.

[4] بگەڕێوە بەشی دووەم، ئەو دەستەو كۆمەڵانەی كە لەدەوری شێخ كۆبوونەوە، تورك خواكان.

[5] (قەمچوغە) گوندێكە دەكەوێتە نێوان سلێمانیو دوكان.

[6] خەباتی گەلی كورد لە یاداشتەكانی ئەحمەد تەقیدا: ل 66.

[7] كەمال مەزهەر: نامەیەكی ونی شێخ مەحمود بۆ كەمالییەكان، گ: رەنگین، ژ: 107، 1997/14/14.

[8] بگەڕێوە بۆ بەشی یەكەم، هۆی گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیاو عێراق بەرامبەر بە كوردستان.

[9] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 562–563.

[10] مەبەست ساڵی (1918)یە كە شێخ لەلایەن توركەكانەوە گیرا، بە هۆی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە، پاشان بە هۆی شەڕ وەستانی جەنگی جیهانییەوە بە یارمەتی عەلی ئیحسان پاشا ناردیانەوە بۆ سلێمانی.

[11] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 561–562.

یان بە هۆی پیاوەکانییەوە، بە وشەکانی (غەزا، دین، ئیسلامییەت) شێخی فریودابوو، لە بەرامبەرئەمانەدا وشەکانی کوردو کوردستانو نیشتمان بەرەو کزبوون دەڕۆشتو خەریکبوو لەبیربچێتەوە [1].

لە سلێمانی ئۆزدەمیر بەهۆی دەستو پێوەندەکانییەوە پەیوەندی بە شێخەوە کردو بە خێرهاتنەوەی لێکرا، لەو دیدارەدا نوێنەرەکەی تورك چاوی بە (چەکمەن) کەوتبوو، رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی کە تورکەکان رانیە چۆڵ بکەن، کۆیەش لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو شێخ ئیدارەی تیادابمەزرێنێت، [2] تورکەکان پاش گفتوگۆکردن لە نێوان خۆیاندا، لە کۆتاییدا ئۆزدەمیر رازی بوو بە مەرجێك یەکێکی سەر بە تورك بێت بە قایمقامی رانیە کە شێخ مەحمودیش متمانەی پێ بکات [3].

لە راستیدا ئەم هەڵوێستەی ئۆزدەمیر ئەگەر بۆ فریودانیش بێ سەری گرتو وای لە شێخ کرد، هەڵوێستی بگۆڕێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بەڵێنەکەیان کە پەیوەندی بە کۆیەوە هەبوو بۆ جێبەجێیان نەکرد.

ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شێخو ئۆزدەمیر بریتی بوو لە (تایەر ئەفەندی) [4]، کە بەهۆیەوە ئۆزدەمیر پەیوەندی بە شێخەوە دەکردو ئاگاداری هەموو کاروبارێك بوو لە سلێمانیدا، (فەوزی بەگی یوزباشی) [5]، پاش پەیوەندی کردنی بە شێخەوە، نامەیەکی دووردرێژی بۆ ئۆزدەمیر نارد [6] و هەڵوێستی شێخ مەحمودی تیادا روونکردبوویەوە بەرامبەر بە تورك، کە بە تەواوی نەرم بوو، هەر لەو نامەیەدا شێخ چەند داواکارییەکی گرنگی لە تورك داواکردبوو، کە لە راستیدا وەك سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزموونو دووربین لەگەڵ رووداوەکاندا جووڵابوویەوە [7].

جگە لەو نامەیە، شێخ راستەوخۆ نامەیەکی بۆ ئۆزدەمیر ناردبوو، لەو نامەیەدا ئەوەی دەرخستبوو کە کاتێك لە هیندستان بووە (کۆمەڵەی کوردستان) دامەزراوەو ئێستا سپێردراوە بە ئەوو پێشوازی لێکردووە، پاش ئەم نامەیە لەلایەن حکومەتی سلێمانییەوە چەند نامەیەکی تری بۆ نێردراوە [8]، شێخ لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئۆزدەمیردا پەلەی کرد، بەتایبەتی پاش ئەوەی بە هۆی رووداوەکەی کۆیەوە لە ئینگلیزەکان زوویر بوو، دەستی بە پەیوەندی کردن کرد لەگەڵ ئۆزدەمیردا. سەبارەت بە دامەزراندنی ئیدارەیەك بۆ کوردستان. بەڵام ئۆزدەمیر وەڵامی دایەوە کە لە توانای ئەودا نییە [9]، پاش ئەمە شێخ بڕیاریدا وەفدێك بنێرێت بۆ ئەنقەرە، کە پێکهاتبوون لە (فەتاح بەگی ژنبرای، رەفیق حیلمی، ئەحمەد تەقی) [10].

---

[1] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 563.

[2] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 66.

[3] (هـ.س) سەرەوە: ل67–68.

[4] (تایەر ئەفەندی) لە راستیدا نوێنەری ئۆزدەمیر بوو لە بلاتەی مەلکی کوردستان، یەکێك بوو لە لایەنگرانی ئۆزدەمیرو لەوانە کە شێخیان بەلای تورکدا لادا، رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 541–542.

[5] یەکێك بوو لە نزیکەکانی ئۆزدەمیرو بە سفارشی ئەو هاتبووە کوردستان.

[6] دەربارەی ئەم نامەیە بڕوانە رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 599–600.

[7] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 602–603.

[8] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 604.

[9] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 68. کریس کۆچیرا: هەمان سەرچاوە، ل122.

[10] دەربارەی ئەم سەفەرەو ئەنجامەکەی بڕوانە رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ3، ل124–125. خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 69–70.

ئەوەی لەم نامانەی شێخو هەڵوێستی بەرامبەر بە تورکو ئۆزدەمیر بەتایبەتی تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە شێخ بە هۆی یەکنەگرتنی دەستەو کۆمەڵەکانو خۆپەرستی پیاوە ناودارەکانی سلێمانی، خۆی بە تەنها مابوویەوەو رێنیشاندەرێکی وریاو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی نەبوو، نە رێکخستنێکی نەتەوەیی رێکوپێکو نە هێزێکی سیاسی بەهێزی هەبوو کە پاڵپشتی بێتو بۆ دۆزی کورد سوودی لێوەربگرێت[1]، شێخو ئەوانەی دەوروپشتی[2] لە سیاسەتدا کۆڵ بوونو تەواو نەبوون، لەبەر ئەوە کە لە کردەوەکانی ئینگلیز زوویر بوونو بڕوایان پێیان نەما، خێرا پەیوەندییان کرد بە ئۆزدەمیرو تورکەوە[3].

(سمکۆی شکاک)[4]، لەم پەیوەندی کردنەدا دەوری کاریگەری هەبووە، چونکە داوای لە شێخ کردبوو، زوو داوای نێردراوەکانی ئۆزدەمیر بکات[5].

شێخ حەزی لە دەسەڵات دەکرد، حەزی دەکرد ببێت بە مەلیکو خزمەتی کورد بکات، رێگای خۆبەختکردنی لە رێگای کوردستاندا خستبووە بەر، بەڵام هیوای نەمابوو، باوەڕیشی بە تورک نەدەکرد، دەیزانی نزیکبوونەوە لە تورک مانای رووخانی دەسەڵاتەکەیەتی، بەڵام بە هۆی زۆری پڕوپاگەندەکانی ئەوانەوە دەستەوەستان بوویوو[6].

دووەم: هێزە کوردییەکانی دراوسێ (سمکۆ شکاک)

شوێنی جوگرافی کوردستانی باشوورو بارودۆخی سیاسی ئەوکاتە کە بەهۆی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانییەوە هاتبووە پێشەوە، دەوری هەبوو لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کە زیاتر پەیوەندی سیاسیو سەربازی لەگەڵ کوردستانی ئێراندا هەبێت، زۆرجار ئەم پەیوەندییانە بە شێوەی یارمەتی سەربازی ئاڵوگۆڕکراوە، وەك هێرشو پەلامارەکانی شێخ بۆ سەر هێزەکانی رووس[7]. لە کوردستانی ئێران[8]، سەرۆك تیرەو خێڵەکانی کوردی ئێرانیش، هەرچی لە دەستیان هاتبێت بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحمود درێغییان نەکردووە، مەحمود خانی دزڵی[9]، لە رزگارکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی 1919، لەلایەن شێخ مەحمودەوە دەورێکی کاریگەری هەبوو[10].

---

[1] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 564.

[2] لێرەدا ئەحمەد تەقیو رەفیق حیلمیش دەگرێتەوە، چونکە هەردوکیان لە یاداشتەکانی خۆیاندا دانیان بە هەڵەی خۆیاندا ناوە.

[3] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 68.

[4] (سمکۆی شکاک) ئیسماعیل ئاغا بە سمکۆ ناودارە-کوڕی موحەممەد ئاغایە، یەکێکە لە سەرکردەکانی هۆزەکانی شکاکی کوردی، کە نیشتەجێی سنووری تورکی ـ ئێرانی لەناو ویلایەتی هەکاری لە تورکیاو ئورمیەو ئازربایجانی رۆژئاوا (ئێران)، مرۆڤێکی ئازاو چاونەترس بووە، لە شوباتی 1919 بەڕێوەبردنێکی حکومی لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا دامەزراندو کاربەدەستی بۆ شارو گوندەکانی ژێر دەستی دانا، لەوانە ئورمیە. بەڵام لەم کاتەدا سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزدا ناڕێك بوو. پاش هێرشکردنی تورکەکان بۆ بارەگاکەی، خێزانەکەی کوژرابوو، خەسرەوی کوڕی گیرابوو، 10 هەزار لیرەی ئاڵتونیشی لێزەوت کرابوو، بۆیە ئەیویست پێکەوە لەگەڵ شێخدا لەگەڵ تورکدا رێك بکەون. عثمان علي: اسماعیل ئاغا سمکۆ ثعلب السياسة الكردية و رائديها في البرغماتية، مجله ئاڵای ئیسلام ـ سنة7، ع1، 1993/1.

[5] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 70.

[6] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 564.

[7] ئەمە لەکاتێکدا بوو کە شێخ لە جەنگی (شوعەیبە) گەڕابوویەوەو ناوچەکانی مەریوانو بانە لەلایەن سوپای رووسییەوە گیرابوو، شێخ توانی دواشاری کوردستانی ئێران لە دەستیان رزگار بکات، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل26–27.

[8] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل27.

[9] بگەڕێوە بەشی یەکەم، جوڵانەوە سیاسییەکانی شێخ، ل13.

[10] خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا: ل 28–29.

لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، کە شۆڕشەکە نسکۆی بەسەردا هات، ماڵو منداڵەکانی شێخ خۆیان گەیاندبووە سنووری کوردستانی ئێران، لەوێ خزمەتێکی بێ وێنە کران، بەتایبەتی لەلایەن سمکۆوە[1] باڵی باوکییەتی بەسەردا کێشانو حەواندنیەوە[2].

پاش گەڕانەوەی شێخ لە دوور وڵاتو دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 1922، پەیوەندییەکان زیاتر گەشەی کرد، سەروەرو گەورە پیاوانی کوردستانی ئێران، پۆل پۆل بۆ بەخێرهاتنەوەی شێخو پیرۆزبایی لێکردن حکومەتەکەی، دەهاتنە سلێمانیو بەرێزەوە لەلایەن حکومداری کوردستانەوە پێشوازییان لێدەکرا، بەتایبەتی مەحمود خانی دزڵیو مەحمود خانی کانی ساناییو نوێنەری سەقزو بۆکانو کرمانشا[3].

هەر لەم کاتانەدا پەیوەندی شێخ مەحمودو سمکۆ[4] بەرەو باشبوون رۆیشتووە، هەردوکیان وەك دوو سەرکردەی خەمخۆری گەلی کورد بیریان لە یەکبوونی هێزەکان دەکردەوە،[5] پێش گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ کوردستاندا هەبووە[6]، شێخ کە گەڕایەوە کوردستان، ویستی بە زیادەوە چاکەی سمایل خان بداتەوە، بۆیە هەرچەندە ئەو سەردەمە پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیاو عێراقدا بەرەو خراپی دەڕۆیشت، بە گەرمی پێشوازی لەو بروسکانە کرد کە لەلایەن سمکۆو سەید تەهاوە[7] بۆی نێردرابوون[8]. لە وەڵامی بروسکەیەکدا شێخ ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازیکردن لە سمکۆ راگەیاند کە بێت بۆ سلێمانیو لە پایتەختی کوردستان ببێت بە میوان پاش ئەوەی کە چەند بروسکەیەکی تر لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕکرا، سمکۆ ئامادەیی خۆی نیشاندا کە بێت بۆ سلێمانی، شێخ لەمە ئاگادارکرا بوو، لیژنەیەکی پێشوازیکردن بە سەرۆکایەتی تایەر ئەفەندی سەرۆکی دیوانی مەلیکی نارد بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی میوانی گەورە بکات، ئەوەبوو لە کانونی یەکەمی ساڵی (1922)دا سمکۆ لەلایەن جەماوەری سلێمانییەوە پێشوازیکرا[9].

ئەوەی لەم بروسکانەی سمکۆو شێخ تێبینی دەکرا، ئەوەبوو کە ئینگلیزەکان پاش ئەوەی بۆیان روونبووەوە شێخ ئومێدی ئەوەی لێناکرێ تورکەکانی رەواندز دەربکات. ئینگلیز راستەوخۆ پەیوەندی بەم دوو سەرکردەوە کرد، پاش

[1] (سمکۆ) لەمکاتانەدا ئەستێرەی بەختی لە ئاسۆی هیوادا پرشنگی ئەدایەوە لە باکوری خۆرئاوای ئێراندا ببوبوو بە شایی دووەم، نزیکەی هەموو ئازەربایجانی گرتبوو.

[2] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 576-577.

[3] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل101.

[4] لێرەدا شۆڕشەکەی سمایل خانی سمکۆ دژبە حکومەتی ئێران، بە هۆی هەندێ لە پیاوانی تاوانباری عەشیرەتی شکاکەوە، دوچاری شکست هاتبوو بەم هۆیەوە سمکۆ ناچاربوو بڕوانە ناو خاکی کوردستانی تورکیاوە، بەڵام هێزەکانی تورك چواردەوریان گرتو وەك یارمەتیدانێك بۆ ئێران بە دیلیان گرتو دووریان خستەوە بۆ ناوچەیەکی دوور بەڵام پاشان لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1922 لە کوردستانی عێراق لە هەولێرو رەواندز دەرکەوت.

[5] رەنجبار: سمایل خانی شکاك، گ: رابەر، ژ31-32، ساڵی چوارەم، 1995.

[6] ئەم پەیوەندییە بەهۆی مستەفا پاشای یامولکی بووە کە کۆمەڵەی کوردستانی دامەزراند، پەیوەندی بە سمایل خانەوە کرد، دەربارەی کوردستانی عێراق قسەو گفتوگۆیان کرد، ئەمە بووە هۆی زیادبوونی رقو کینەی تورکەکان بەرامبەر هەردوکیان، رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل493.

[7] (سەید تەها شەمزینانی) لە شەمزینان لەدایك بووە، ناوچەیەکی کوردنشینەو کەوتووەتە رۆژهەڵاتی هەکاری لە تورکیا، لە ساڵی 1878ز، خوێندەوار بووەو کاتێك باوکی کۆچی کرد لە ساڵی 1903 سەرۆکایەتی ناوچەی گرتە ئەستۆ، لە کۆتایی سەردەمی عوسمانییەکاندا هاتووەتە موسڵو پاش هاتنی ئینگلیز بووە بە لایەنگریان، قاسم خلف عاصی الجمیلی: (هـ.س)، ص112.

[8] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل99. یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل101.

[9] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 105.

ئەوەی کە هاتنە هەولێر، نیازیان وابوو ئەوەی شێخ بۆی جێبەجێ نەکەن ئەگەر رای شێخ لە مەسەلەکە وەرنەگرن[1]، بەمانەدا دەردەکەوێت کە ئینگلیز ئاگاداری هەموو شتێك بووە، ئەگەر نا چۆن ئەم بروسکانە بە ئاشکرا ئالۆگۆڕ دەکرا.

پاش ئەوەی کە سمکۆ گەشتە سلێمانی، مستەفا پاشای دۆستی دێرینی سمکۆ، بە وتارێکی گەرمو بەهێز داستانی دوورو درێژی ئەم پاڵەوانەی خوێندەوە، لەسەر فەرمانی مەلیك خانووەکەی شێخ مستەفای نەقیب[2] پاککرایەوەو بۆی ڕێکخرا[3].

لەم هاتنەوەی سمکۆدا بۆ لای شێخ مەحمود زۆر ڕووداو خۆی دەردەخست، کە هەموویان بە قازانجی تورك دەشکایەوە، هێشتا سمکۆ ماندویی نەحەسابوویەوە، رەشەبای بەختی شووم دەستیکرد بە هەڵکردنو چرای هیوای نیشتمانپەروەرەکان دەستیکرد بە کوژاندنەوە، ئەوەبوو رەمزی بەگی تورك، لەگەڵ فەوزی بەگی یوزباشی، لە رەواندزەوە هاتنە سلێمانیو بە نهێنی لە ماڵی شێخ دابەزین[4].

هەر لەو کاتانەدا فەتاحی ئەمین عەتار[5] گەیشتە سلێمانی، سمکۆش ئینگلیزەکان خۆیان باوەڕیان پێکربوو، لە هەولێرەوە ناردبوویان.

لە دەروونیدا باوەڕی بەو مەبەستە هەبوو کە بۆی هاتبوو[6]، لە دڵدا تورکی خۆش نەدەویست، دەیزانی کە دەستی لێوەشێنراوە، بۆی بکرایەو هیوای سەرکەوتنی ببوایە، بە هەموو جۆرێ هەوڵی دەدا تۆڵەیان لێبکاتەوە[7]، بەڵام ڕێڕەوی سیاسەتی بە جۆرێکی تر هاتە پێش چاو، پڕوپاگەندەکانی ئۆزدەمیرو لایەنگرانی ئێجگار وەستایانە بوو، پێشتر خەسرەوی کوڕی لەلایەن تورکەکانەوە بە دیل گیرابوو، 20 هەزار لیرەی ئاڵتونیشی لە خەزێنەی تورکدا هەبوو، لەو کاتەدا سمکۆ پارچەیەك زەوی شك نەدەبرد کە تێیدا بحەوێتەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتبوو.

تورکەکانی دەستەی ئۆزدەمیر، بەتایبەت ئەفسەرەکان، بەهۆی تایەر ئەفەندییەوە ئەم هێزو هەڵوێستەیان خستەکار، بۆیە بە گەڕانەوەی خەسرەو و پارەکانیو بە بردنەوەی خۆی بۆ تورکیاو دانەوەی موڵکەکانی لەسەر سنوور، تەنانەت پێشکەشکردنی (مقاطعة)ێکی گەورەی وەکو (شەمزینان)، ئەویشیان تەفرەداو بۆ فریودانی شێخ مەحمودیش بەکاریان هێنا[8].

بەمشێوەیە پارسەنگی گفتوگۆکان بەلای تورکدا شکایەوە، بەتایبەتی لەو کاتەدا چی ئینگلیز بوو بە فەرمانی شێخ دوورخرابوویەوە، ئیتر سلێمانی وەك مەنجەڵی سەر ئاگر ئەکوڵاو ئاسمان هەور گرتبووی[9].

دووەم: هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراق

1 یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 104. ئەحمەد خواجە: چیم دی، ل137.

2 (شێخ مستەفای نەقیب) مامی شێخ مەحمود بوو.

3 رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 582.

4 رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 585.

5 (فەتاح ئەمین عەتار) ژنبرای شێخ مەحمود بوو، ئەویش لەو ڕۆژەدا لە سوپای تورکدا پلەی یوزباشی هەبوو، بە پەلەپەل لە ڕێگای موسڵەوە گەڕایەوە عێراقو گەیشتە سلێمانی، رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 585–586.

6 مەبەستی ئەوەیە کەوا لە شێخ مەحمود بکا، لەگەڵ ئینگلیزدا خۆی ڕێکبخاتو دژی تورك بووەستێتو ئۆزدەمیر لە رەواندز بکاتە دەرەوە.

7 رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 586.

8 رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، ل587.

9 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل99.

پاش دروستکردنی حکومەتی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 1922[1]، شێخ کەوتە هەوڵدانی ئەوەی کە پەیوەندی حکومەتی کوردستان بە هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراق لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاویەش بێت، بەشێوەیەك کە هەردو دەوڵەت یارمەتی شێخ بدەن دان بە مافی گەلی کورددا بنێن، ئەویش پەیوەندی لەگەڵ تورکدا دەبڕێت[2].

ئینگلیزەکانیش لەلای خۆیانەوە بەڵێنی یارمەتییان پێدابوو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بۆ یەککگرتنی کوردەکان[3] و مەلیك فەیسەڵ ڕێگایدا بە هەندێ لە ئەفسەرە کوردەکان کە لە سوپای عێراقیدا خزمەتیان دەکرد، بۆ یارمەتیدانی شێخ بگەڕێنەوە سلێمانی[4].

گومانی تێدا نییە شێخ لە پاش گفتوگۆ لەگەڵ مەندوبی سامیو مەلیك فەیسەڵدا لە بەغداد[5] پێش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو، جارێکی تر بێئەوەی هۆیەکی گەورە زۆری بۆ بهێنێ بەگژ ئینگلیزدا بچێتەوە، لەبەر ئەوە لەسەر ئینگلیزەکان پێویست بوو، کە سیاسەتێکی ڕوونو بێ توێکڵ بەرامبەر شێخ بگرنەبەر، بۆ ئەوەی ئەو پەڵە ڕەشانەی کە لە دەروونیدا لابەرێو بسڕێتەوە، ئەبوو درۆی لەگەڵ نەکرێو تەنیا بیر لەوە نەکرێتەوە کە کوتەکێك بێت بەدەسیانەوە، چونکە شێخ هیچ نەبێت، خاوەن هەستێکی بەرزی میللی بوو[6].

ئینگلیز ئەمانەی فەرامۆشکردو سیاسەتێکی بەرامبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، لە بنچینەدا لێڵیو مناوەرەی بەخۆوە گرتبوو، تەنها مەبەستی کات بەسەربردن بوو، هەر لەو کاتەدا دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا گرتبوو، هیچ هەنگاوێکی لەسەرو شتی کرداریدا بەپێشەوە نەبردبوو، بۆ بەهێزکردنی ئەوەی کە شێخ داوای دەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوەی خۆی بەرامبەر سروشتی گەلیو کەسایەتی شێخ بینایەوە، وەك سەرکردەیەکی نەتەوەییو نیشتمانی بۆ ڕشتنی ڕقو کینەی خۆی بەسەر ئەم کەسایەتییە نەتەوەییەدا، هەروەك مێجەرسۆن دەڵێت: "بە دووری نازانێت کە گەورەیی دەسەڵاتی شێخ وایلێبێت ببێت بە دەسەڵاتداری هەموو ناوچەکە"[7].

ئینگلیز هەوڵی دەدا کە شێخ بکات بە داردەستی خۆی، کە تەنیا ئامانجێکی هەبوو، ئەویش (سەربەخۆیی کوردستان)، لەبەر ئەمە، لەوانە نەبوو لە جێی سەربەخۆیی کوردستاندا خزمەتی ئینگلیز بکات بەرامبەر بەمە چاویان بڕی نەدەکرد، ئەیانویست بە بەرتیلو تەماعی دونیا بیکڕن، نەیانئەزانی چۆن بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان، بە زۆرو بە فێڵیش بۆیان نەدەبوو بە داردەست[8].

شێخ کە گەڕایەوە سلێمانی بارودۆخ بەشێوەیەکی تر بوو، بەرامبەر بە پڕوپاگەندەکانی تورك چارەیەکی نەمابوو[9]. ئینگلیزیش نەك هەر بەرنامەی یارمەتیدانی نەبوو کە چەکو پارە پێشکەش بە شێخ بکات دژی تورکەکان، بەڵکو دەیویست خۆی هەموو شتێك پێکەوە بنێ، چەك، پارە، لەشکرو هەموو هێزێکی تر کە پێویست بێ کۆی بکاتەوەو لە کوردستان

---

[1] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل526.
[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 111.
[3] منتشا شفیلی: هەمان سەرچاوە، ص321–322.
[4] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل515. منتشا شفیلی: (هـ.س)، ص321–322.
[5] بۆ زیاتر شارەزایی بگەڕێوە ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل529–530.
[6] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل529.
[7] فؤاد حمه خورشيد: حلبجة في عام 1919، ج العراق عدد 1017، س2/7/1979.
[8] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل 529.
[9] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 564.

تورکیان بۆ بکاتە دەرەوە[1]، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بەڕاستی لەوە ئاڵۆزترو زیاتر سەربەخۆتر بوو، لەوەی ببێت بە هێزێکی دەستی ئینگلیز[2]، لەپاش گەڕانەوەی شێخ مانگێك بەسەر نەچوو بێهیوا بوون، کاتێك شێخ لە تشرینی دووەمی 1922 مەلیکایەتی خۆیی ڕاگەیاند.

کردەوەو باس‌و خواستەکانی شێخ لەگەڵ ئۆزدەمیردا، کە بەهۆی کۆششی پیاوەکانی تورك بوو هەر زیادی دەکرد[3]، مێجەر نۆئێل مستەشاری سیاسی شێخ بوو، شکی بردبوو کە شتێك لە نێوان شێخو پیاوانی نزیکیدا هەیە، بۆیە گەلێ هەوڵیدا لەگەڵ شێخ بۆ ئەوەی لەو پەیوەندییانە پاشگەزی بکاتەوە، هەتاوەکو نەکەوێتە شوێن فڕوفێڵی میکاڤیلی ئۆزدەمیر[4]، چەندجارێ لە نێوان بەغدادو سلێمانیدا هاتوچۆی کرد، چەندجارێ بە فڕۆکە چووە لای ئینگلیزەکان، بە مەبەستی نزیکخستنەوەیان لەیەکتر، بەڵام نۆئێل لەو هەوڵەیدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا[5]، نەخشەی ئەوەبوو کە شێخ مەحمودو سمکۆو سەید تەها، دژی تورکەکان بکاتە یەك‌و هانیان بدات لە دژیان[6]، وا دیاربوو سمکۆ نەیدەویست لە مەسئەلەی عێراقدا دەستی تێدابێ[7]، بەڵام سەید تەها هەنگاوی بۆ نا[8].

مێجەر نۆئێل کە زانی لەگەڵ شێخدا گفتوگۆ کەڵکی نییە، بۆ ئەوەی خۆی پیاوخراپ نەکات، چەکمەنی کرد بە وەکیلی خۆی‌و سلێمانی بەجێهێشت، بەرامبەر بەم هەڵوێستانە چەکمەن کەوتە خۆی‌و دەستەو دایەرەیەکی بۆ خۆی پەیداکرد، بەرەبەرە لە ژێرەوە بۆ ڕووخانی حکومەتی شێخ لە هەوڵداندابوو[9].

شێخ مەحمود بەرامبەر ئەم کارانەی چەکمەن هەتا دەهات توندتر دەبوو، کەوتە بیری ئەوەی کە پەلاماری کەرکوك بدات.

لەم ڕووەوە سەرۆك عەشیرەکانی بانگکردو کەوتنە گفتوگۆ، وەك وترا لەبەر ئەوەی گەلێ شەپۆلی فیکری لە سلێمانیدا هەبوو، هەندێ لەمانە لەگەڵی نەبوون، هەندێکیش قسەی ڕاستیان نەدەدا بەدەستەوە[10].

لەمەدەورانەدا سمایل خانی سمکۆش هاتبوو بۆ سلێمانی‌و ببووە میوانی حکومەتی کوردستان، ئینگلیزەکان لەم هاتنەی سمکۆ کەوتنە هیوایەکەوە، بەنیازی ئەوەی وا لە شێخ بکات دژی تورکەکان بووەستێت، بەڵام پاش ئەوەی کە نەخشەکە سەری نەگرت، بەهۆی ئەوەی کە پڕوپاگەندەکانی تورك ئەویشی گرتەوە[11]، ئیتر ئینگلیزەکان زۆر داخ لەدڵ بوون، بەتایبەت بەرامبەر بە شێخ[12].

---

1 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 566.

2 منتشا شفیلی: (هـ.س)، ص320–321.

3 بگەڕێرەوە بەشی سێیەم، پەیوەندییە دەرەکییەکانی شێخ، پەیوەندی بە ئۆزدەمیرەوە.

4 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل98.

5 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 560.

6 کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، ل122.

7 بگەڕێرەوە بۆ بەشی سێیەم، پەیوەندییە دەرەکییەکانی شێخ، پەیوەندی بە هێزە کوردییەکانی سمکۆ.

8 بۆ زیاتر شارەزابوون بگەڕێوە بۆ کریس کۆچیرا، کوردستان لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، ل122.

9 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل98.

10 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل99.

11 ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جز6، ل 574–575.

12 سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل99.

رۆشنبیرانی کورد، بڕیاریاندا بکەونە وتوێژەوە لەگەڵ ئینگلیزدا بۆ ئەوەی ئەو ترسەی لەدڵیاندا بوو، بەرامبەر حکومەتی کوردستانو پەیوەندی شێخ بە تورکەکانەوە بڕەوێتەوە، دڵی ئینگلیزەکان بێتەوە جێ، بۆ ئەم مەبەستە سەید ئەحمەد بەرزنجییان ناردە بەغداد کە چاوی بە مەندوبی سامی بکەوێتو نامەیەکی نووسراوی شێخ مەحمودیشی بداتێ، بەڵام ئینگلیزەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ رێککەوتن، کەوتنە سیاسەتی جیاوازخوازی لە کوردستانداو رێزیان بۆ نوێنەری کورد دانەنا[1].

چوارەم: نامەو پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی شێخ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە

پاش ئەوەی هەموو هەوڵێکی سیاسی درا، بۆ نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان حکومەتی ئینگلیزو عێراق لە کوردستانی خواروو، بەبێ ئەنجام مایەوە. شێخ لە دەرگای گەلێ لە دەوڵەتە گەورەکانی دنیایدا، بۆ ئەوەی پشتو پەنایەکی بەهێز بۆ گەلی کورد بدۆزێتەوە[2].

شێخ سەرۆکی حکومەتی کوردستانی خواروو، لە دەوڵەتی سۆڤیەت داوای یارمەتی کردو لە (30/کانونی دووەم/1923)دا نامەیەکی بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەبرێز نارد[3]، لەو نامەیەدا هاتووە: "کاتێك دونیا دەنگی ئازادی راستەقینەی گوێ لێبوو زانی کە گەلەکەتان لە چنگ چەوسێنەری تاوانبارەکان رزگاری بووە، هەموو گەلانی دونیاو نەتەوەکان شادومان بوون"[4].

هەر لە نامەکەدا هاتبوو، کە گەلی کورد پێی وایە گەلی رووسی یارمەتیدەرییەتی، ئەم گەلە لە تێڕوانینی کورددا، ئازادکەری رۆژهەڵاتو کوردە[5]، لە کۆتایی نامەکەدا دەڵێت: "ئێستا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە یارمەتی بە بارودۆخەکەمانە، گەلی ئێمە بە پەلە چاوەڕوانە، لە نێوان هەردوولادا پەیوەندی دابمەزرێتەوە"[6].

شێخ لەم نامەیەدا، زۆر دوربینو سیاسییانە بۆ رووداوەکان رۆیشت، کە تیایدا هەوڵی ئەوەی دابوو، هەرچۆنێك بێت پشتگیری سۆڤیەت بەدەست بێنێت، بەڵام چەند فاکتەرێك بوون بە رێگر لەبەردەم ئەم ئاواتەدا، بەتایبەت ئەو حکومەتەی کە شێخ دروستیکردبوو جێگیر نەبوو، زۆری نەخایاند، هەردوو دەوڵەت لەناویان برد[7].

دەوڵەتی سۆڤیەتی تازەدامەزراو، لەم کاتەدا زۆر پێویستی بە دانپیانان هەبوو لەلایەن وڵاتانەوە، لەبەر ئەوە زۆر سوور نەبوو لەسەر تێکرای پەیمانی. بێلایەنیو دەستدرێژکردنە سەر دەوڵەتی تورك، بەهۆی یارمەتیدانی نەتەوەیەکی زۆرلێکراوەوە[8]، بەمشێوەیە جارێکی تریش کورد بوو بە قوربانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان، نامەکەش چووە فایلی مێژووەوە، ئێستا نوسخە ئەسڵییەکەی لە باکۆیە[9].

شێخ وەك سەرکردەیەکی خاوەن ئەزموونو سیاسی، کاری دبلۆماسییەتی بەرنەدا، ویستی لەو رۆشناییەوە مافێك بۆ کورد دیاری بکرێتو سنوورێك بۆ دەستدرێژییەکانی ئینگلیزو عێراق دابنرێت، بۆیە لەم پێناوەدا بانگەوازێکی تایبەتی بۆ هەمووبالیۆزخانەو سۆنگە بیانییەکان بلاوکردەوە، تیایدا هاتبوو "ئێمەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشوور، لە ساڵانی

---

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 110–111.
[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 112. عزیز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، ص107.
[3] لێرەدا شێخ لەتیف ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە ئەم نامەیە بۆ لینین نێردراوە.
[4] قاسملو: کوردستانو کورد، چاپخانەی بنکەی پێشەوا، (و. عەبدوڵڵا حەسەنزادە)، (ب.ش).
[5] حامد محمود عیسی علی: (هـ.س)، ص81.
[6] قاسملو: کوردستانو کورد، ل77.
[7] حامد محمود عیسی علی: (ە.س)، ص81.
[8] کونتر دشنر: أحفاد صلاح الدين الأيوبي، (ت. عەبدوسسەلام مستەفا سدیق)، دهۆك، 1997، ص104–105.
[9] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 113.

جەنگی جیهانییەوە لە ئینگلیز داواکارین، مافە نەتەوایەتییەکانمان بسەلمێنیّو داخوازییەکانمان بەجێبێنیّ، بەڵام سوپای ئینگلیزو عێراق، دەستی بە کاولکردنی وڵاتو کوشتنی هاولاتیان کرد"[1]، زیاتر لەسەری دەڕواو باسی مێژووی دەستدرێژییەکانی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد دەکات، لە کۆتایی نامەکەدا دەڵێت: "سەرباری ئەوەی کە موڵکی خەڵکی بە تاڵان براوەو سەرانسەری وڵات وێران کراوە، ئێمە لە دادپەروەریو هەڵوێستتان بەرامبەر بە مرۆڤو دادپەروەری مرۆڤایەتیتان دڵنیاینو لە دادپەروەری جیهانی داواکارین، دژی ئەم جۆرە ستەمو دەستدرێژیو زۆرلێکردنە دەنگی ناڕەوای خۆی بەرزکاتەوە"[2].

ئەم داواکارییانە لە راستیدا هەڵقوڵاوی سروشتی ئەو رۆژەی گەلی کورد بووە لە کوردستانی عێراق، لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەستیو سەربەخۆییو دورکەوتنەوە لە کۆیلایەتیو کوشتنو برین، بەڵام سروشتی سیاسەت بەرژەوەندی دەکات بە پێوەر، هەر لایەکی تەرازووەکە پارسەنگ بوو، بەو دیوەدا رووەدەکات.

سکاڵای میللەتی کوردیش لەو سەردەمەدا ئەو قورساییەی نەبوو کە هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان بەلای خۆیدا راکێشیّو لەو نێوەندەدا مافی خۆی بەدەست بهێنیّ.

[1] عزیز شەمزینی: (هـ.س)، ل114–115.
[2] عزیز شمزیی: (هـ.س)، ل114–115.

بەشی چوارەم

کۆتایی حکومەتی شێخو هۆکاری شکست

تێکچوونی پەیوەندی شێخ و هەردوو حکومەت

ئینگلیز وەك پێشبینی دەکرد، باروودۆخ بەو شێوەیە نەدەڕۆیشت بەرێوە كە نەخشەی بۆ دانابوو، سەبارەت بە هەڵسوكەتی شێخ، چونكە سیاسەی ملكەچی بۆ ئینگلیز رەتكردەوە، دەیویست هەموو كوردستان رزگار بكات، لەبەر ئەوە پابەند نەبوو بە دەسەلاتی لە سلێمانی، ئەو ناوچانەی بۆی دیاری كراوە [1]، بەبێ رەزامەندی ئینگلیز مەلیكایەتی خۆی راگەیاند [2].

شێخ كاتێك بۆی روونبووەوە، ئینگلیز هەموو شتێكی بەرژەوەندییەو بۆ سوودی شێخ هیچ هەنگاوێك نانێت، [3] لەجیاتی دوژمنایەتیكردنی توركیا، وەك ئینگلیزەكان ئاواتیان بوو، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ توركیادا ببەستێ [4]، جگە لەو پەیوەندیو نامە گۆڕینەوانەی كە لەگەڵ ئۆزدەمیردا هەیبوو، بڕیاریدا وەفدێك بنێرێتە ئەنقەرە بۆ ئەم مەبەستەو لەسەر ئیدارەیەكی هاوبەشی كوردو تورك بە سەرۆكایەتی شێخ پێكبێن [5].

ئینگلیز بەهۆی پیاوەكانییەوە ئاگاداری ئەم پەیوەندییانە بوو، ئومێدی بە شێخ نەمابوو، تێڕوانینیان سەبارەت بە شێخ هەر لە كفری گۆڕابوو [6]، بۆیە پاش راگەیاندنی مەلیكایەتی، نارەزاییان بەرزكردەوە، ماوەی ئەوەیان نەدا دەنگی كورد، بە هیچ حكومەتێك، یان گەلێكی خاوەن بەختدا بگات [7]، لە بەغدادەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەندێ جار، ناوی كوردو كوردستانیان ئەژیانەوە، ئەویش بۆ ئەوەی پەیمانە ویستراوەكەی خۆیان [8]، بە حكومەتی عێراقی كۆتایی پێبێنن، بە كورد بە تۆقاندن، ئینگلیز كاتێك لگەڵ حكومەتی عێراق پێكهات، شەرو مەرجیان تەواوبوو، بۆ خاوكردنەوەی ریسەكەی كوردو شێخ، ئەكەوتە هاندانی رۆژنامەی بەغداد، بە نمونە لە رۆژنامەی (البراق) چاپی بەغداد ژمارە (738–743) تشرینی دووەم/1922) لەبابەت دروستكردنی حكومەت و وەزارەتەكەی شێخ بە گرنگی ئەیاننووسی، لە سلێمانی كۆمەڵێ ئیدارە پێكهێنرا كە سلێمانی لیوایەكی عێراقە، دیارە ئەم ئاژاوە لەلایەن ئینگلیزەوە بوو [9].

هێشتا پەیمانی لۆزان، [10] مۆرنەكرابوو، واتە لە ساڵی (1922–1923) كوردەكانی عێراق، ئەوەیان بۆ دەركەوتبوو، حكومەتی گەورەی وا كوردستانی عێراقی بەركەوێ، لەبەر ئەوە كە بەرهەڵستییان زۆرە، دانامەزرێو نایەڵن، بەڵكو ئەو جۆرە دەنگۆیە لە ناودا هەیە كە كوردستانی عێراق بخرێتە سەر عێرق [11].

---

[1] حامد محمود عیسى علي: (هـ.س)، ص138.

[2] عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج1–2، ص263.

[3] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء6، ل 566.

[4] حامد محمود عیسى علي: (هـ.س)، ص138.

[5] بۆ زیاتر شارەزایی بگەڕێوە خەباتی گەلی كورد لە یاداشتەكانی ئەحمەد تەقیدا: ل74.

[6] رەفیق حیلمی: یادداشت، بگ2، جزء5، ل531.

[7] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب3، ل127.

[8] ئەم پەیمانە لە (10/تشرینی یەكەم/1922) بوو، كە لە پشاندا ماوەی ئەم پەیمانە لە پرۆتۆكۆلی (30/نیسان/1923) بۆ ماوەی چوار ساڵ درێژكرایەوە، كە لەپاش پەیمانی ئاشتی لەگەڵ توركیادا دەستپێدەكات، تیایدا سلێمانی خرایە سەر حكومەتی عێراق، عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج1–2، ص263.

[9] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب3، ل127.

[10] (پەیمانی لۆزان) ئەو پەیمانە بوو كە لە (24/تەمموز/1923) لەنێوان هاوپەیمانەكانو توركیادا بەسترا، بەهۆی بەهێزبوونی هەڵوێستی سیاسی توركیا بەرامبەریان، ئەم پەیمانە ماڧ كوردی پێشێل كرد.

[11] سجادی: شۆڕشەكانی كورد، ل101.

لە نێوەندی گفتوگۆی پێشوەخت بۆ بەستنی پەیمانی لۆزان، دەرکەوت بۆ ئینگلیز، هیوا بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی، کە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق بگرێتەوە، زۆر لاوازە، چونکە گومانی تێدا نییە، بۆ دروستکردنی حکومەتی عێراقی، ئەبێت ناوچەکانی کوردستانی عێراقی بڕواتە سەر[1]، بۆیە پێکەوەو بۆ سنووردانانی لەبەردەم شێخو دڵنیاکردنی رەگەزە کوردییەکان کە بەرژەوەندییان پشتگوێ ناخرێ، بۆ ئەم مەبەستە لە (22/کانونی یەکەم/1922) بەیانێکیان دەرکرد[2]، پەیوەندی نێوان شێخو هەردوو دەوڵەت زیاتر بەرەو گرژبوون دەڕۆیشت، بەتایبەتی پاش رۆشتنی (مێجەر نۆئێل)و دەستبەکاربوونی (چەکمەن) وەك راوێژکاری سیاسی، بە هەموو شێوەیەك لە پێناو سنووردانان بۆ دەسەڵاتی شێخ لە هەوڵداندا بوو[3]، ئینگلیزەکان پەنایان بردە بەر پیاوانی لایەنگری خۆیانو ماڵێکی زۆری بەسەردا بەخشینەوە، بۆ ئەوەی ببنە نەیاری شێخ، بۆیە هەندێك لە پشدەرییەکان چوونە پاڵیانو بوون بە پێشڕەوی ئەم کارە، لە سەنگاویش ژمارەیەك بوو بە موچەخۆری دەوڵەت، هەندێك لە ساداتی کریچنەو کانیکەوە لە ئینگلیز نزیك بوونەوە[4].

شێخ کەوتبووە نێوان دوو ئاگرەوە، ئاگری داگیرکردنی ئینگلیزو ئاگری پیاوانی ناوخۆ، کە هەردەم کۆسپ بوون لەبەردەم ئاواتی دێرینەی کورددا، ئەوەی زیاتر ئینگلیزی لە شێخ زویر کرد، هەوڵدانی بوو بۆ پەیوەندیکردن بە رووسیای سۆڤیەتەوە، داوایکرد پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا بێتەکایەوە.

لە نامەکەیدا کە بەهۆی قونسوڵی رووسیا لە تەبرێز[5] ەوە بۆ سەرکردایەتی سۆڤیەتی ناردبوو هاتبوو کە "یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێی گەلە تێکۆشەرەکان، لەپێناو ئازادیو رزگارکەری رۆژهەڵاتە"[6]، ئینگلیز زیاتر لە هەڵوێستی شێخ کەوتە دوودڵییەوە.

هەڵوێستی سەربەخۆییو نیشتمانی شێخ، سەرکردە ئینگلیزەکانی ماندوو کردبوو، بۆیە لێرەوە بۆ هەل دەگەڕان خۆیانی لێ رزگار بکەن، بەتایبەتی بارودۆخی ناوچەیی لە عێراقو وڵاتاندا، بەرەو باشبوون دەڕۆیشت، هەڵوێستی لەگەڵ تورکیاش بەرەو نزیکبوونەوە بوو، بەتایبەتی پاش رازیبوونی تورك کە کێشەی موسڵ بدرێتە کۆمەڵەی گەلان[7].

ئینگلیز گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لە توانایدا هەیە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقو کوردستاندا بپارێزێت، بەتایبەت دەسەڵاتدارانی عێراق لە پێشەنگیان مەلیك فەیسەڵ لە گرنگترین ئەو کەسانە بوون کە داوای جێبەجێکردنی بەرژەوەندی ئینگلیزی دەکرد، بەمشێوەیە ئەو فاکتەرانەی کە شێخی بۆ گەڕاندەوە کاریگەری نەما، لە بەرژەوەندی ئینگلیز نەبوو دەوڵەتانی ئێرانو عێراقی تورکیا بەرامبەر بە خۆی تووڕە بکات کە تەنیا کۆسپێکن لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی لە رۆژهەڵاتدا، بەرامبەر بە یارمەتیدانی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی کە گومانی لێدەکرێت لە لایەنگری بۆ ئینگلیز.

ئەوەبوو ئینگلیز هەڵوێستی کۆتایی وەرگرت، بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوەو پێویستی لەناوبردنی حکومەتی سلێمانی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود.

دووەم: رووخانی حکومەتی شێخو داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزو عێراقەوە

---

[1] عبدالرزاق الحسني: تأريخ العراق الحديث، ج3، ص287–288.

[2] دەربارەی ئەم بەیانە بگەڕێوە بەشی دووەم، دامەزراندنی حکومەتو راگەیاندنی مەلیکایەتی، ل32–33.

[3] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل98.

[4] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 111.

[5] (تەبرێز) شارێکی گەورەی ئێرانە، دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی.

[6] حسين مدني: كردستان، بروسیو تحليل نهفشهاي آزادبخش ميللي در كردستان، ل31–32. حامد محمود عيسى على: (هـ.س)،ص138.

[7] حامد محمود عيسى علي: (هـ.س)، ص 139.

ئینگلیز خێرا هەستی بەوەکرد، کە پشتگوێخستنی زۆری شێخو هەڵگەڕانەوەکەی، ئەبێت بەهۆی هەڵگەڕانەوەی گشتی دژیان، فراواندەبێت بۆ بازنەی راپەڕینێکی گەلی [1]، بەتایبەتی پاش ئەو ناکۆکیو ململانێ سیاسییەی کە لە نێوان حکومەتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودو هەردو دەوڵەتی ئینگلیزو عێراق، سەری هەڵداو بەرەو گرژبوون دەرۆیشت [2]، بەهۆی نارێکی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە دۆزی کورد، چونکە ئامانجی سەرەکی ئینگلیز لە کوردستانی عێراقدا، دروستکردنو بەهێزکردنی بنکە سەربازییە ستراتیژییەکانی خۆی بوو، بۆ خزمەتکردنی نەخشەو پیلانە داگیرکارییەکانی خۆی لە عێراقدا بەتایبەتیو رۆژهەڵاتی نزیکو ناوەڕاست بە گشتی.

ئەگەر کەمێك نەرمییان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی جیا بۆ کورد پیشان دابێت، وەك دەرکەوت لەپێشەوە، تەنها لە نێوەندی هەڵوێستی تاکتیکی ئاڵوگۆڕی کاتیدا خۆی دەبینێتەوە بەسەر ئەوەی کە سیاسەتیان بەرامبەر دۆزی کورد لە عێراقدا گەشەی نەکرد، جێگیر نەبوو بەشێوەیەکی گشتی، تا ئەوکاتەی کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیانو پابەند بە چەند پەیمانێکی ستراتیژیو ملکەچ بۆ مەندوبی سامیو راوێژکارە ئینگلیزەکان لە عێراقدا دروستکرد [3]، پاش ئەوەی کە ئەم مەبەستەی ئەنجامدا، ئیتر خۆی بۆ دۆزی کورد یەکلا کردەوە.

لێرەوە ئینگلیزەکان بڕیاریان هاتە سەر ئەوەی کە بە بەکارهێنانی هێزو سەرکوتکردنی ئەو مەترسییە چاوەڕێکراوە، خۆیان رزگار بکەنو شێخ ناچار بکەن بێتە ژێر بەڕێوەبردنیانەوە [4].

بۆیە لە (24/شوبات/1923) دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبەر لە رادیۆی بەغداد بەیانێکیان بڵاوکردەوە کە شێخیان تێدا تاوانبار کردبوو بە شکاندنی ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ ئینگلیزدا پێکهاتبوون لەسەری، حکومەتی کوردی هەڵوەشاندەوە، داوای لە شێخو شوێنکەوتووانی کرد کە بێن بۆ بەغداد، وازهێنانیان بە قازانجی ئەو کەسایەتیانەی کە پابەندی پاراستنی یاسان [5].

لەم کاتەدا کە پەیوەندی نێوان حکومەتی کوردیو دەسەڵاتدارانی بەغداد زیاتر بەرەو گرژبوون دەرۆیشت، سمایل خانی سمکۆ لە سلێمانی، میوانی حکومەتی کوردستان بوو، ئینگلیز کەوتە پیلانەوەو بۆ بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتە دێرینەکەی خۆیان (پەرتکەو زاڵبە) ویستی شێخ لە سمکۆ بکەوێتە گومانەوە، بۆیە لە (23/شوبات/1923) بەیاننامەی ئاگاداری لەلایەن ئینگلیزەکان بەسەر شاری سلێمانیدا بڵاوکردەوە، کە سمکۆی ئاگادار کردبوو، سلێمانی بەجێبهێڵێت، چونکە بۆردومانی شار دەکرێتو نایانەوێت دڵی ئەو لە خۆیان بڕەنجێنێت [6]، سمایل ئاغا لە (28/شوبات/1923) دیدەنی تەواوبوو بە خۆیو چەکدارەکانییەوە چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان، پاش ئەوەی ئینگلیز لە (26/شوبات/1923) ئاگاداری دا بە شێخ مەحمودو خەڵکی شار کە سلێمانی بەجێبهێڵن، چونکە بۆردومان دەکرێ [7]، شێخ لەلای خۆیەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئینگلیز خۆی ئامادەکرد، هێزی پێکەوەنا، دانیشتووان بەڵێنیاندا بە سەرو ماڵەوە لەگەڵیدابن، شێخ بۆ پارێزگاری لە شاری

---

[1] عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی: (هـ.س)، ص96.

[2] عەزیز شەمزینی: (هـ.س)، ل

[3] عزيز الحاج: القضة الكردية في العشرينات، ص1-2. الأنتصار، بغداد، 1985، ص95.

[4] عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی: (هـ.س)،ص96.

[5] منتشا شغيلي: (هـ.س)، ص123-124.

[6] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل99.

[7] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

سلێمانی بەرامبەر بە بۆردومانی ئینگلیز شاری بەجێهێشت[1]، بە خۆی و لەشکریەوە چوونە دەرەوەو روویانکردە ئەشکەوتی (جاسەنە)[2] لە 4/ئازار/1923، خەڵکی شاریش بەرەبەرە دەرچوون و روویانکردە قەرەداغ و شاربازێڕ[3].

لەشکری شێخ پاش ئەوەی کە لە جاسەنە مۆڵیان دابوو، بەرەو چەمچەماڵ رۆیشتن و ویستی کەرکوك بگرێت، بەڵام بەهۆی هەندێ کۆسپ و تەگەرەوە نەیتوانی ئەو کارە بکات، ئەو کۆسپانەش:

1– سەرهەڵدانی ناپاکی لە ریزەکانی سوپادا.

2– هەندێك لە شێخەکانی گەرمیان و بەشێك لە پشدەرییەکان بووبوونە پیاوی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە کەرکوك.

3– وازهێنانی شێخ قادری حەفید، برای شێخ لە شۆڕش و دانیشتنی لە گوندێك لە ناوچەی قەرەداغ[4].

ئەم هۆیانەو هەندێکی تر بوون بەهۆی تێکچوونی ئەو هێرشە گەورەیەی کە شێخ بەدەستییەوە بوو بۆ کەرکوك.

شێخ لەگەڵ لەشکرەکەیدا پاش ئەوەی لە سورداش جێگیربوون، ئەشکەوتی جاسەنەیان کرد بە بنکەی خۆیان، لەوێدا چەکدارەکان رۆژنامەی (بانگی حەق)یان دەرکرد، داوای لە کوردەکانی دەوروبەر دەکرد دژی ئینگلیزەکان خەبات بکەن[5].

پێش ئەوەی دانیشتووان بەتەواوی شار چۆڵ بکەن، لە بەیانی (4/ئازار/1923) فڕۆکە بۆمهاوێژەکانی ئینگلیز هاتنە سەر ئاسمانی سلێمانی و دەستیانکرد بە سوڕانەوەو بۆردومانکردن بەشێوەیەکی چڕ[6]، بۆردومانەکە زۆربەی گەڕەکەکانی گرتەوە، لەگەڵ رێگاو بانەکان و دامودەزگاکانی حکومەتدا، زەرەرو زیانێکی گەورە سلێمانی گرتەوە، دەیان هاوڵاتی بێتاوان کوژران و بریندار بوون[7].

ئەم بەسەرهاتە کە چاوەڕێ نەدەکرا لەلایەن ئینگلیزەوە، کە خۆی بە پارێزەری ماف مرۆڤ و هەڵگری دروشمی رەنگاورەنگ دادەنا لەگەڵ پاراستن و رێزگرتنی ماف گەلان و دانپیانەری حکومەتی سلێمانی.

بەوهۆیەوە شێخ بەیانێکی ناڕەزایی دژی ئەو هەڵوێستەی ئینگلیز دەرکرد، تیایدا هاتبوو: "ئامانجمان پاراستنی ئیسلام و سەروەرییەتی، کامەرانی و بەختەوەری کوردو پاراستنی کیانی"، لە بەیانەکەدا هاتبوو کە "هەستانی فڕۆکەکانی ئینگلیز بە بۆردومانکردنی شار بەو شێوە نامرۆڤانەیە کە بوو بەهۆی شەهیدکردن و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت و منداڵی بێتاوان، پەردەی لەسەر تاوان و خراپی مەبەستیان لادا"[8].

فڕۆکەکان نەگەشتبوونەوە فڕۆکەخانەکانی خۆیان، لەشکری عێراقی تازەدامەزراو، بە راوێژکاری و سەرۆکایەتی ئەفسەرانی ئینگلیز بەرەو پێشەوە رۆشتن و شاری سلێمانیان داگیرکردەوە[9].

"سلێمانی لەمکاتەدا لە دەنگی شین و گریانی ئەو کەسانەی فریانەکەوتبوون دەرچن دنیای هەژاندبوو"[10]، بەڵام لەشکری کوردستان لە هەموو ناوچەکانی لیوای سلێمانی و کەرکوك، پەلاماری داگیرکەرانیان دەدا، شەڕی پارتیزانییان دەستپێکردبوو[11].

---

[1] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 116–117.

[2] (جاسەنە) ئەشکەوتێکە دەکەوێتە سورداش لە ناوچەی گەرمیان.

[3] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100. منتشا شغیلي: (م.س)، ص325–326.

[4] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 117.

[5] منتشا شغیلي: (م.س)، ص326.

[6] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

[7] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 119. عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی: القضیة الکردیة، ص96–97.

[8] عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی: (م.س)،ص97.

[9] حامد محمود عیسى علی: (م.س)، ص145.

پاش گەڕانەوەی کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ سلێمانی، هەوڵێکی زۆریاندا کە خەڵکی رازی بکەن کە بیانخەنە سەر حکومەتی عێراق، ژمارەیەك پیاوی خۆفرۆشیان لە عێراقدا کڕیو کردیانن بە موچەخۆرو پلەی بەرزیان دانێ. بۆ ئەوەی سەرۆك تیرەکان لە شێخ دووربخەنەوە، لە شارو شارۆچکەکاندا بەڕێوەبەری سەربەخۆیان دانا، ساڵح پاشایان کرد بە موتەسەڕیفی سلێمانیو دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکانی پشدەر پێ بڵاوکردەوە.

لە سلێمانی ئینگلیز دەستیکرد بە ئاژاوەنانەوە، هەوڵی شەڕی براکوژی دەدا لە نێوان کوردا. زۆر هەوڵیدا شێخەکانی بەرزنجەو شارباژێڕو سلێمانی پێش بکەنە شێخ مەحمود بەڵام سەری نەگرت[1].

شێخ لە ناوچەی قەمچوغەو ئەشکەتی جاسەنە بوو، فڕۆکەو باڵۆن هەموو ساتێك بەسەر سەریەوە بوون، شەڕ لە نێوان حکومەتی کوردستانو ئینگلیزدا بوویوو بە داشی دامەو هەر جارەی بەلایەکدا دەسووڕایەوە، لەو ماوەدا ئینگلیز جەورێکی زۆری دەنواند، بەڵام هاتوچۆی پیاوی شێخ بە دزییەوە هەر هەبوو[2]، ئەم جەورو ستەمەی ئینگلیز هۆشێکی نوێی هێنایەوە بەبەر خەڵکیدا، سەرۆك تیرەکان لە دەوری شێخ کۆبوونەوە، هاتنە سەر ئەوەی پەلاماردانێکی مردنو ژیان بەرنە سەر ئینگلیز[3] و سلێمانی بگرنەوە[4]، بۆیە خۆیان بۆ ئەم هێرشە ئامادەکردو بەرەو سلێمانی رۆشتن، توانرا لە (11/تەمموز/1923)دا شار بگرنەوە، ئینگلیزەکانیان دەرپەڕاند، شێخ مەحمود سەرلەنوێ دەستیکرد بە قایمکردنەوەی سلێمانیو حکومدارێتییەکەی جارانی[5]. پاشان دانیشتووانەکەیان هەڵناو یارمەتی ئەوانەی دەدا کە رایان کردبوو لە ترسی ئینگلیز بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو شار، بەڵام پاشماوەی ترسو دوودڵی هەر بە سیمای خەڵکی شارەوە مابوو[6].

پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی شێخ بۆ جاری دووەم، هەوڵێکی زۆر درا بۆ نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان حکومەتی شێخو هەردوو دەوڵەتدا، بەڵام بێسوود بوو، چونکە دەیانویست شێخ بکەن بە داردەست، گوێی خۆیان لەو هەموو پەیمانانە کەڕکرد[7]، دەستیانکرد بە سنووردانانی دەستەڵاتەکەی شێخو ناوچەکەیان گەمارۆدا، رێگەیان بە شێخدا تەنها لە سنووری سلێمانیدا هاتوچۆ بکات[8]، پێیان راگەیان کە قەزاکانی رانیەو قەڵادزەو چەمچەماڵو هەڵەبجەو قەرەداغوسەنگاوو ناحیەی ماوەت، تەریکایەتی تەواو بووەو نابێت بە هیچ شێوەیەك دەستکاری بکرێت، ئەو گوندانەی کە پەیوەندییان بە ساداتی سەرگەڵووەوە هەیە، ئەوا نابێت شێخ بیانگاتێ، لەو راگەیاندنەدا هاتبوو کە: "ئەگەر بە پێچەوانەوە بجووڵێتەوە، یان هەوڵی زیادەڕۆیی کردن بدات، ئەوا بە بەهێزترین رەفتار لە بەرامبەری دەجووڵێنەوە"[9]. شێخ ویسی سوود لە کات وەربگرێت، بۆیە دووبارە داوایکرد سلێمانی لەلایەن مەندوبی سامییەوە بەڕێوە ببرێ، بەڵام ئەمجارەش رازی نەبوون[10]، شێخ کە زانی لە بەرژەوەندی نییە، هەوڵیدا بچێتە ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتدارێتییەکەی جیاکرابوونەوە، بەتایبەتی

---

[1] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 119.

[3] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 119–120.

[4] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

[5] هەندێك سەرچاوە دەڵێن پێش ئەم ماوە لە مانگی ئازاردا کاتێك شێخ شاری چۆڵکرد، (ئۆزدەمیر) هەستا بە سەردانێك بۆ لای شێخ لە جاسەنە بۆ ئەوەی شێخ رازی بکات سلێمانی بگرێتەوە، هەرچەندە شێخ هەوڵیدا بەلام سەرکەوتوو نەبوو. منتشا شغیلي: (هـ.س)، ص325–326.

[6] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

[7] منتشا شغیلي: (هـ.س)، ص328. سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل100.

[8] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 127. عومەر عەبدولعەزیز هەورامانی: (هـ.س)، ص98.

[9] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 128.

[10] ستیڤن سی بلیتر: (هـ.س)، ص68.

[11] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 128–129.

[12] منتشا شغیلي: (هـ.س)، ص329.

ماوەت، ئەمەش وایکرد کە فرۆکەکانی ئینگلیز هێرش بکەنە سەر بنکەی شێخ لە سلێمانی، بۆردومانی شار بکەن، لەم هێرشانەدا دوو فرۆکە کەوتنە خوارەوە[1]، بەردەوام دەستدرێژیو بۆردومانی دەورووبەریان کرد، زۆر ئافرەتو پیرو منداڵ بوون بە قوربانی ئەو هێرشانە[2]، بارودۆخەکە زیاتر بەرەو گرژبوون رۆیشت لە نێوان مەندوبی سامیو شێخ مەحموددا، بەتایبەتی بەهۆی ئەو کوشتارەی کە لە کەرکوك روویدابوو لەلایەن فەلەکانەوە[3]. شێخ ویستی زیاتر لە سەری بڕوات، بەرامبەر مەندوبی سامی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراقو سەرۆك وەزیرا بڕیاری کۆتاییدا بۆ لەنابردنی دەسەڵاتی شێخ.

پاش ئەم بڕیارە لە هاوینی ساڵی 1924. لەشکری سوپای عێراق لەگەڵ چەند بەشێکی هێزی ئاشووری، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی ئاسمانی ئینگلیزی دەستیان بە پێشڕەوی کرد بەرەو سلێمانی، سەرەتا شەڕ لە چەمچەماڵو دەربەندی بازیان دەستی پێکرد، هێرشو پەلاماری داگیرکەران زۆر زیادبوو، بەشێوەیەك بەراورد نەدەکرا، لەگەڵ سوپای شێخ مەحموددا، لەلایەن ژمارەی سەربازانو چەكو تەقەمەنییەوە، جگە لەمەش تابوری پێنجەم[4]، لە ناوەوە دزەی دەکرد بۆ پشتگیریکردن لە هێزی داگیرکەرو رووخانی حکومەتو لەناوبردنی دەسەڵاتی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود[5]، بۆیە لایەنگرانی دابەشبوون، بەو هۆیەوە شێخ مەحمود لە (19/تەمموز/1924) سلێمانی بەجێهێشتو بەرەو سنوری ئێرانو شاخەکان کەوتەڕێ، پاش ئەوەی کە مەلیکایەتییەکەی نەما، سلێمانی لەلایەن ئەو هێزەوە داگیرکرایەوە[6].

بارەگای لەشکری کوردستان رۆیشتە شاربازێڕو بۆ پەلاماردانی لەشکری دوژمن، هێزی کوردستان بە ناوچەکانی کەرکوكو دوزخورماتوو چەمچەماڵدا بڵاوبوویەوە، شەڕو پێکدادان بەردەوام بوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هەرچەندە ئینگلیز هەوڵیدا بەتوندی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت لە ناوچەکە، بەڵام بارودۆخەکە هێمن نەبوو[7]، بە رادەیەك مەلیك فەیسەڵ لە (20/نیسان/1924) سەردانی کەرکوكو کفریی کرد، نەیتوانی بچێتە سلێمانییەوە، هەرچەندە شێخ لەو سنورە نەبوو[8]، رووبەڕوبوونەوە لە نێوان شێخو هەردوو حکومەتدا بەردەوام بوو تا رووخانی وەزارەتی یاسین هاشمی (1924/8/2) نەیتوانی بزووتنەوەی شێخ لەناوبەرێت، هەرچەندە شاریش گیرابوو، بۆیە بە دەستپێشخەری مەندوبی سامی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لە دانیشتنی (3/حوزەیران/1925) بڕیاریدا شەست هەزار روپیە تایبەت بکات بۆ ئەوەی شێخ بە دیل بگرێتو چارەکی ئەو برە بۆ ئەو کەسەی دەیکوژێت، بەڵام شێخ بەرامبەر بەم بڕیارە هیچ نەرمییەکی پیشان نەداوە، شۆڕشگێڕەکان لە پلەیەکی بەرزی دەروونیدا بوون، چونکە لە پێناو دۆزێکی پیرۆزدا فیداکارییان دەکرد[9].

عەبدولموحسین حەمدون کاتێك لە (1925/6/26) وەزارەتی نوێی لە عێراق پێکەوەنا، پێی وابوو کە سیاسەتی توندوتیژی بەرهەمی باشی نابێت، بۆیە پەیوەندی بە شێخەوە کرد کە لەو کاتەدا پێنجوێن لەژێر دەستیدا بوو، بۆیە شەڕ

---

[1] حامد مەحمود عیسی علی: (هـ.س)، ص141–142.

[2] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 129.

[3] ئەم رووداوە ئەوەبوو کە ژمارەیەك لە دانیشتوانی کورد لە کەرکوك بەدەستی فەلەکان کوژرابوون، شێخ دەیویست تۆڵەبکاتەوەو مەندوبی سامی دەیپۆشا. سجادی: شۆڕشەکانی کورد: ل 101.

[4] ئەو کۆمەڵەیەبوون کە لە شاردابوونو لەلایەن ئینگلیزەوە بەکرێ گیرابوونو دژایەتی هێزی رزگاریخوازی کوردیان دەکرد، سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل101.

[5] سجادی: شۆڕشەکانی کورد، ل102.

[6] طالب عبدالجبار حیدر: (هـ.س)، ص122.

[7] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل 129.

[8] کریس کۆچێرا: (هـ.س)، ل340. طالب عبدالجبار حیدر: (هـ.س)، ص123.

[9] حامد مەحمود عیسی علي: (هـ.س)، ص142–143.

دەستیپێکردەوەو حکومەتی ئینگلیزو عێراق توانیان پێنجوێن بگرن، شێخ بە ناچاری بە مەرجەکانی[1] هەردوو دەوڵەت رازی بوو بەپێی پەیمانی (2/نیسان/1923)[2].

بەمشێوەیە هەوڵەکانی شێخو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کە بەهۆی خۆبەختکردنی چەندەها رۆڵەی کورد تا رادەیەك بە ئامانج گەیشت، بەهۆی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی بەگشتیو دەوڵەتی بەڕێوەبەر بەتاییەتی شکستیهێنا.

[1] دەربارەی ئەم مەرجانە بگەڕێوە طالب عبدالجبار حیدر: (هـ.س)، ص123–124.

[2] حامد مەحمود عیسی علی: (هـ.س)، ص143.

هۆكاری شكست

بۆ هەموو دیاردەیەكی سیاسییو كۆمەلایەتی ژمارەیەك فاكتەر پێكەوە دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانو لەناوچوونو نسكۆی ئەو دیاردە سیاسییو كۆمەلایەتییە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردیش بە سەرۆكایەتی شێخ مەحمودی حەفید، وەك دیاردەیەكی سیاسیو كۆمەلایەتی، لە نێوان سالانی (1922–1925)، كە لە راستیدا هەڵدانەوەیەك بوو، بەسەر ئەو سروشتە سیاسیو كۆمەلایەتییەی كە كوردی تیادابوو، ژمارەیەك فاكتەر بوو بەهۆی سەرهەڵدانو گەشەكردنی بزووتنەوەكە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی رێرەوی خەباتیدا.

ئەوەی ماوە باسی لێوە بكەین هۆكانی رووخانی ئەو بزووتنەوانەی شێخە، بەتایبەت رووخانی حكومەتو مەلیكایەتی، كە لەم ئاستەدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردی گەشتە لوتكە، دەربارەی مێژووی خەباتی شێخو ئەو قۆناغە سیاسیەی كە كوردی تیابوو، لێرەدا بە كورتی لەو هۆیانە دەدوێین، كە بوون بەهۆی شكستی ئەو ئەزموونە كەم وێنەیەی كورد.

فاكتەرە دەرەكییەكان

1– بەرژەوەندی نێودەولەتی: زۆربەی ئەو بزووتنەوەو راپەرینانەی كورد كە لە سەدەی نۆزدەو بیستدا سەری هەڵدەدا، هەتا لەگەڵ سیاسەتو بەرژەوەندی دەولەتانی گۆڕەپاندا دەگونجا، درێژەی دەكێشاو پشتگیرییان لێدەكرد، بەپێی بە ئەنجامگەیاندنی مەبەستەكەی خۆیان، بەلام خێرا پاش ئەوە خۆیان لە ئاست بەلێنو پەیمانەكاندا بێدەنگ دەكردو یەكلادەبوونەوە بۆ لەناوبردنی، شۆرشی شێخ مەحمود بەشێوەیەكی پێشكەوتوو لەوانە، كە لە دروستكردنی حكومەتو راگەیاندنی مەلیكایەتی خۆی بینییەوە، ئەم فاكتەرە بە روونی لە نسكۆی شۆڕشەكەیدا دەبینرا ئەوەبوو پاش پێكهێنانی حكومەت لە سالی 1922 زۆری نەبرد پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزو عێراقدا تێكچوو، ئەوەبوو لە سالی 1923 چەند بروسكەیەكی نارەزایی بەرامبەر بە سیاسەتی ئینگلیز بۆ هەموو بالێۆزخانە نێودەولەتییەكان لە تاران نارد، بە هیوای ئەوەی چارەیەك بۆ دۆزی كورد بدۆزنەوە وەك هەموو گەلانی دنیا، بەلام هەموو هەولەكانی شێخ لەم پێناوەدا بەبێ ئەنجام مایەوە.

2– سروشتی شۆڕشەكەی شێخو شوێنە جوگرافییەكەی، بەتایبەت سلێمانی كە كرببووی بە پایتەخت، ناوچەیەكی ستراتیژی گرنگ بوو بە لای هەردوو دەولەتی نەیار (ئینگلیزو تورك)، ئەوەبوو پاش جەنگی یەكەمی جیهانی لە گرنگترین فاكتەری ئالۆزی پێوەندیان بوو، ئەمە وایكردبوو كە هەر دەولەتێك بۆ بەهۆكردنی دەسەلاتی خۆی لە ناوچەكە، بەپێی كات یارمەتی شێخ بدات، بە پلەو نازناوی بریقەدار تەفرەی بدەن، بەلام وەك باسكراوە، پاش گۆڕانی هەلۆیستی شێخ بەرامبەر دەولەتێكیان، خێرا دژی وەستاوەو بە خراپترین شێوە دادگای كردووە.

3– پەیوەندی شێخ بە هەردوو دەولەت، زیاترلە پەیوەندی كەسایەتی خۆی دەبینییەوە، نەك سیاسەتی دەولەتەكان، وەك ئۆزدەمیر لە دەولەتی توركو میجەر نۆئێل لە لای ئینگلیز، هەریەكەیان لە پێناو خۆنزیككردنەوە لە دەولەتەكەیو سەركەوتنی سیاسەتی لە ناوچەكە، بەلێنی سەربەخۆیان دەدا بە شێخ، بۆیە بەم بەلێنانە شێخ تەفرەی خواردو لە كاتی پێویستدا خۆیان لێ نزیك نەدەكردەوە، وەك (قاسم خلق الجمیلي) لە نامەكەی خۆیدا دەلێت: "كاتێك سلێمانی لە لایەن ئینگلیزو عێراقەوە گیرایەوەو حكومەتەكەیان رووخاند، ئۆزدەمیر هیچ هەلۆیستێكی نەبوو،و ئەوە نەبێت بلێت بەدلخەوەم كە ناتوانم یارمەتی شێخ بدەم".

4– دامەزراندنی حكومەتی شێخو بەپێشەوە چوونی باری سیاسی لە كوردستاندا لە نێوان سالانی (1922–1925)، لە كاتێكدابوو كە جەنگی یەكەمی جیهانی تەواو بووبوو، روسیا لە دەركەوتندا بوو بەهۆی شۆرشەكەیەوە، جیهان بەرەو دابەشبوون بە دوو جەمسەر دەرۆیشت، باری سیاسی نێودەولەتی زۆر ئالۆز بوو، بۆیە كاتێك شێخ پەیوەندی بە رووسیاوە

کرد، بارە سیاسییەکەی زیاتر گرژکردو لەو سەردەمانەدا پەیمانی لۆزانی ساڵی 1923 بەسترا لە نێوان هاوپەیمانەکانو حکومەتی تورکیادا، مافی کورد تەواو پێشێلکراو دەوڵەتانی رۆژئاوا بەگشتیو ئینگلیز بەتایبەتی هاتنە سەر ئەوەی هەرسێ دەوڵەتی تورکیاو ئێرانو عێراق دروستبکەنو یارمەتییان بدەن لەپێناو بەربەستکردنی هاتنەخوارەوەی دەسەڵاتی رووسی بۆ رۆژهەڵاتو ئاوگەرمەکان، ئەمەش لەسەر حسابی گەلانی ناوچەکە دەبێت بەتایبەتی کورد.

فاکتەرە ناوخۆییەکان

1- زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن، ئەو حکومەتو بەڕێوەبردنەی کە شێخ پێکەوەی نابوو، زیاتر شێوازی سادەو ساکاری بەخۆوە گرتبوو، دووربوو لە جێبەجێکردن بەپێی بنچینەی بۆ دانراو نەدەڕۆیشت بەڕێوە، وەك عەبدوڕڕەزاق حەسەنی لە کتێبەکەی خۆیدا (تأريخ العراق السياسي)دا کە لە راپۆرتی ئینگلیزی وەریگرتووە دەڵێت: "لەگەڵ بوونی ئەنجومەنی وەزیرانو وێنە ئەنجومەنی پرسو رادا، کە پێکهاتبوو لە سەرۆك هۆزەکانی سنووری ناوچەکە کاروبار بە چاکی بەڕێوە نەدەچوو، نە گومرگو رسوم کۆدەکرایەوەو نە بڕیاری کۆکردنەوەو چەند تێبنیەکەی دەردەچوو، بەمەش لایەنی ئابووری حکومەتەکەی لاوازدەکرد".

2- شێخ مەحمود زیاتر پشتی بە پیاوانی خێڵەکیو سەرۆك تیرەکان دەبەست، ئەوانەی شارەزایی بەڕێوەبردنیان کەمبوو، بەپێچەوانەوە خۆی لە رۆشنبیرەکان بەدوور دەخست، کاتێك ئەفسەرانی کورد کە لە دەوڵەتی عوسمانی کۆن خزمەتیان دەکرد، گەڕانەوە بۆ سلێمانی بە مەبەستی خزمەتکردنی حکومەتە کوردییەکە، شێخ لە جیاتی ئەوەی لە بارتەی بەڕێوەبردنی خۆی سوودیان لێببینێت، بەپێچەوانەوە زۆر گرنگی پێنەدان، بۆیە شۆڕشەکە زۆرجار بێ رێکخستن بوو.

3- دواکەوتوویی بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کۆمەڵگای کوردی، کە زیاتر دەرەبەگایەتی بوو، سروشتی ئەم رژێمە لەگەڵ شۆڕشو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخوازدا نین بە درێژایی شۆڕشەکانی شێخ هەمیشە هەندێك هۆز نەیاری بوونو لەگەڵیدا نەبوون، چونکە بەرژەوەندی ئابووریو پلەی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ شێخدا نەدەگونجا. هەر بۆیە هەمیشە پاڵپشتی ئینگلیز بوون.

4- بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەسەرکردایەتی شێخ نەیتوانی رووبەڕووی ئەو تەحەدیو مەترسییانە بێتەوە، کە لە ژێرەوە بۆ رووخانی بەڕێوەبردنەکەی دزەی دەکرد، پێویست بوو لەسەری کوردەکان بە رێگایەکی نوێتر ئامادەبکات کە جیاوازبێت لە دابو نەریتی کۆن، بە شێوەیەك کە پەیوەندی خێڵەکی بگۆڕێت بە پەیوەندی ئایدۆلۆژیاو بتوانێت ئەو ئایدۆلۆژیایە بگۆڕێت بە واقیعو سروشتێکی کرداری دیار، کە لە یەکێتی چەکداریو سیاسی خۆی دەبینێتەوە.

5- سوود لە مێژوو نەبینینو دووبارەبوونەوەی وەك خۆی، وەك چارەسەرنەکردنی ئەو دەردو نەخۆشییانەی کە لەناو بزووتنەوەو شۆڕشە کوردییەکاندا روودەدات، شێخ هەڵنەستا بە لەناوبردنی ململانێی دەرەبەگەکان، بە شێوەیەك ئەو هێزو توانایەی کە لە نێوان یەکتریدا سەرف دەکەن، ئاڕاستەی بکات بۆ بەرژەوەندی شۆڕشەکەی.

جگە لەوە رێکخستنیش لە ناو ئەندامانی خێزانەکەیدا نەبوو، هەر یەکێك بەپێی نزیکی لە شێخەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، وەك شێخ لەتیف لە یاداشتەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە لە کاتە پێویستو نارەحەتەکاندا شێخ بەجێبهێڵن.

6- شێخ بەپێی ئەو سروشتو پێکهاتە بنەماڵەییەی کە تیایدا بوو، لە زۆر بواردا دکتاتۆرییەتی بەکاردەهێناو دووربوو لە راوێژکاری، بۆچوونی خۆی دەسەپاند لە دیاریکردنی رێڕەوی سیستەمی بزووتنەوەکەیدا. بۆیە لە زۆر بواردا راست بۆ رووداوەکان نەدەڕۆیشت. وەك ئەحمەد تەقی دەڵێت: "شێخو دەوروپشتەکەی لە سیستەمدا کۆڵ بوونو لەبەر ئەوەی لە ئینگلیز زویربوون خێرا روویان بەلای تورکدا وەرگێڕا، ئەمەش بە خراپ بەسەریدا شکایەوە".

7– فاکتەری بنچینەیی بۆ نسکۆی ئەوئەزموونە کەم وێنەیەی کورد نەبوونی یەکسانی بوو لە نێوان هێزی شێخو لایەنی بەرامبەردا لە رووی چۆنێتیو چەندایەتی هێزەوە، ئەمەش وایکرد رووداوەکان بەپێی ستراتیژیو سیاسەتی داگیرکەر بڕوات بەڕێوە، ئەویش رووخانی بەڕێوەبردنەکەی شێخ بوو.

8– شێخ مەحمود مامەڵەی نەرمو سیاسییانە نەبوو لەگەڵ ئینگلیزو حکومەتی عێراقدا، ستراتیژییەتێکی گەورەی داڕێژراوی لەبەردەمدا نەبوو کاری لەسەر بکات، هەر دەیویست بە هێزو خوڕینو بە پەلە کارەکان بکاتو کورسی بۆ خۆی دەستبخات، سووربوو لەسەر ئەوەی کە لە زەینی خۆیدا هەبوو دەخولایەوە.

9– ڕاڕایی شێخ، دەمێك دەیدایە پاڵ عوسمانیو دەمێك دەهاتەوە بۆ لای ئینگلیزو ئەم سەنگەر گۆڕینەوانە وایکرد کە ئینگلیز بڕوایان بە شێخ نەمێنێو کاری جدی لسەر نەکەن، بەتایبەت کە لەم دواییەدا خۆی گلاند بە لاکردن بەلای رووسیاو شیوعییەکانەوە کە هەرە دوژمنی سەرسەختی ئینگلیز بوون.

10– پوازێتی کوردو خۆخۆریو کلکایەتی کوردی بۆ دوژمن، کە هەمیشە هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان، لەسەردەمی شێخ مەحمودا تورکو ئینگلیز زۆر ئاسان دەیانتوانی یاری بە سەرەك خێڵو شێخە کوردەکانەوە بکەنو دژی شێخ مەحمود بیانجولێننو بەریەستبن لەبەردەم هەوڵە کوردییەکاندا.

دەرئەنجام

1- لە گرنگترین ئەنجامی ئەو ئەزموونە پڕپایەخە لە مێژووی سیاسی گەلەکەمانو نسکۆی، ئەوەبوو هێزی داگیرکەر بە شێوەیەکی دڕندانە هاتنەوە کوردستانو حکومەتو مەلیکایەتییەکەی شێخیان لەناوبرد، کە بە خوێنی چەندەها رۆڵەی بە ئەمەکی گەلەکەمان پێکهاتبوو. دەستیان بە سەرکوتکردنەوەی شۆڕشەکەی شێخ کرد بە توندترین شێوە، زیاتر لەوەش ناوچەی کوردستانی عێراقیان بەستەوە بە حکومەتی عێراقی تازە دامەزراو، بەمەش ئاواتو ئامانجی گەلی کورد رۆشتە ژێر گڵەوەو بوو بە قوربانی سیاسەتو بەرژەوەندی بەریتانیا.

2- هەوڵو تێکۆشانی شێخو داکۆکیکردن لەسەر بەئەنجامگەیاندنی دۆزی میللەتەکەی، بە چاوپۆشین لە هەورازو نشێوو مەترسی ژیانی خۆی کە هەموو تەمەنی گرتبوویەوە، سروشتێکی سەرکردەییو پابەندبوونی شێخ دەردەخات بەرامبەر بە واقیعو تراژیدیای گەلی کورد، بۆیە عەبدوڕڕەزاق حەسەنی لە (تأريخ الوزارات العراقية)[د1] لە وەسفی شێخدا دەڵێت: "شيخ محمود الحفيد هو القضية الكردية، والقضية الكردية هي شيخ محمود الحفيد".

3- ئەو ئەزموونو قۆناغە سیاسییەی شێخ، ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە هەرکاتێك گەل لە نێو خۆیاندا رێکبنو یەکگرتووبن بە هەموو چینو توێژو رۆشنبیرو جەماوەرەوەو بەتەنگ دۆزەکەیانەوەبن، ئەوا هەڵوێستی ساسییان لە دەرەوە بەهێز دەبێتو دوژمن ناچار دەبێت گوێ بۆ داواکارییەکانیان بگرێت، ئەم هۆیە دەوری گرنگی بینی لە گەڕانەوەی شێخو دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی خواروو لە ساڵی 1922.

بۆیە دەبێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە مرۆدا بە گرنگییەوە تێبینی ئەم فاکتەرە بکەن، ئەگەر نا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

4- بە تێروانین لە شۆڕشەکانی شێخو ئەو ناخۆشیو ئەزموونە تاڵانەی کە تیایدا روویدا، بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستیو توندوتیژی هێزی داگیرکەرەوە، ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر بە شێوەیەکی وردبینانەو راست سەیری پێش هاتنو پاش هاتنی ئینگلیز بکەین بۆ عێراقو کوردستان، راستیەك دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە هیچ جۆرە کێشەیەکی ئەوتۆ لە نێوان عەرەب وکورددا نەبووە پێش ئینگلیز، گیانێکی برایی بەهۆی دینو هاوخەباتییان لە پێناو دروستکردنی شارستانییەتی ئیسلامیدا هەبووە، بەشداریکردنی شێخ لە جەنگی دژی ئینگلیز لە شوعەیبە بە هاوشانی برا عەرەبەکانی، ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات، بەڵام پاش هاتنی ئینگلیزو پیلانە گڵاوەکانی بۆ ناوچەکە، سروشتی پەیوەندییەکان گۆڕان، رەگەزپەرستی نەتەوەیی بە جۆرێك هاتە کایەوە، ئەزموونو رووداوە تراژیدیاکانی ئەوکاتەو ئێستای عەرەبو کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنچینەیە.

5- دروستکردنی حکومەتو ئەنجومەنی وەزیران، دادەنرێت بە قۆناغێك لە قۆناغە گرنگەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، لە مێژووی سیاسیو سەربازی گەلەکەمان، کە تیایدا گەلی کورد هەستیکرد نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو خاكو مافی خۆی هەیەو شارستانیەتی تایبەتی هەیەو پێویستە مافی وەك گەلانی جیهان بپارێزرێت، ئەمەش لە قۆناغی ئێستای گەلەکەماندا تا رادەیەك هەستی پێدەکرێت.

ئەو ئەزموونە بە گەورەترین چالاکی شارستانیو رۆشنبیریش دادەنرێت کە پێشکەش بە گەلو رۆڵەی داهاتووی ئەو گەلە کرا، ئەو چالاکییە زیادی کرد کاتێك شێخ گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری داو رۆژنامەی دەرکردو هەوڵی خوێندنی دەداو سوپای یاسایی کوردی بە رادەیەك بەهێزکرد.

کاریگەری ئەم دەسکەوتە پڕپایەخە لە هەموو شۆڕش‌و بزووتنەوە کوردییەکان تا ئێستا درێژ دەبێتەوە، مەبەستی شێخ‌و ئەو حکومەتەی کە ئەیویست دروستی بکات، کە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی عێراق بگرێتەوە تا ئێستا لە ستراتیژی بزووتنەوەی کوردیدا نەڕۆشتۆتە باری کردارییەوە.

ليستی سەرچاوەكان

سەرچاوە كوردیو بەكوردی كراوەكان

ئەحمەد خواجە

1- چیم دی، ب3، چاپخانەی (شەفیق)، بەغداد، 1968.

ئەحمەد تەقی

2- خەباتی گەلی كورد لە یاداشتەكانی ئەحمەد تەقیدا: لاپەڕەیەك لە شۆڕشەكانی كوردو شێخ مەحمودو سمكۆو هەستانەكەی ڕەواندز، ڕێكخستنو ئامادەكردنی بۆ چاپ: جەلال تەقی، بەغداد، 1970.

ڕەفیق حیلمی

3- یادداشت، بەرگی 1-2-3، چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان، بەغداد، 1988.

عەلادین سوجادی

4- شۆڕشی كوردو وەكوردو كۆماری عێراق، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1959.

عەزیز شەمزینی

5- جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی، (و: ئەسەسەد) ژمارەی چاپ2، (ب.ش) 1985.

د. عبدالرحمن قاسملو

6- كوردستانو كورد، (و. عەبدوڵلا حەسەن زادە)، لە بلاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا، (ب.ش) 1973.

كریس كۆچیرا

7- مێژووی كورد لە سەدەی 19-20دا، (و: موحەممەد دیانی)، چ2، چاپخانەی (صدف)، تهران، 1369.

كەمال مەزهەر

8- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ب1، چاپخانەی الأدیب البغدادیة، 1985.

شێخ لەتیفی حەفید

9- یاداشتەكانی شێخ لەتیفی حەفید، شۆڕشەكانی شێخ مەحمودی حەفید، كەمال نوری مەعروف ساغیكردووەتەوە، چ1، (ب.ش)، 1995.

سەرچاوە عەرەبیو بە عەرەبی كراوەكان

أ.م. منتشا شغیلي

10- العراق في السنوات الانتداب البریطاني: (ت: هاشم صالح التكریتي) مطبعة جامعة بغداد، 1978.

مس بیل

11- فصول من التأریخ العراق القریب، (ت: جعفر الخیاط، ط2، (ب.م)، 1971.

د. جورج حجّار

12- المسألة الكردیة، مطبعة دار القدس، (ب.م)، ابربیل، 1975.

حامد محمود عیسى على

13- المسألة الكردیة في الشرق الأوسط منذ بدایتها حتى سنة 1991، مطبعة (مدبولي)، (ب.م)، 1992.

حسین جمیل

14- العراق شهادة سیاسیة 1908-1930، مطبعة دار السلام، لندن 1987.

ستیظن سي بلیتر

15– الأكراد عنصر الأضطراب، (ت: سةعدون موحةممةد)، (ب.م)، (ب.س).
شوكري محمود نديم
16– احوال العراق في المرحلة الشروطية الثانية 1908–1918، رسالة ماجستير، 1985.
عبدالرزاق الحسني
17– تأريخ الوزارات العراقية، ج1–2، طبعة الرابعة للموسوعة، بيروت، 1974.
18– تأريخ العراق السياسي الحديث، ج3، (ب.م)، 1948.
عزيز الحاج
19– القضية الكردية في العشرينات، ط2، مطبعة الأنتصار، بغداد، 1985.
عبدالوهاب القيسي
20– تأريخ العالم الحديث، 1914–1945، ط1، جامعة البغداد، كلية التربية 1983.
عمر عبدالعزيز هوراماني
21– القضية الكردية في المؤمرات لدولية، من منشورات جمعية علماء كردستان، ج2، 1993.
قاسم خلف عاصي الجيلي
22– العراق والحركة الكمالية 1919–1923، رسالة دكتوراه، تقدم بها الى كلية الأداب، جامعة بغداد، أيلول 1990.
د. كونتر دشنر
23– احفاد صلاح الدين الأيوبي، (ت: عەبدوسەلام مستەفا سديق)، دهۆك، 1992.

سەرچاوە فارسییەکان

حسين مدنى
24– كردستان، بدرسي وتحليل نهضتهاى آزاد بخش نيللي در كردستان، اسفند ماه –1372.
درك كينان
25– كردها وكردستان، ترجمه أز فارسى (ئيبراهيم يونسى)، چاپ أول، 1372.
گۆڤارو رۆژنامەکان
26– احمد عثمان ابوبكر: (بيانات وتصريحات كولونيل ميرالآى اوزدمير باشا الى القبائل الكردية) صحيفة (خبات)، ع (834)، 1997/7/25.
27– عومەر مارف بەرزنجی: (مەحمودخانی دزلّیو چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد) ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژ (4)، حوزەیران 1973.
28– فؤاد حمه خورشيد: (حلبجة في عام 1919)، صحيفة (عراق)، ع (1017)، 1979/7/2.
29– فەیسەڵ دەباغ: (نامەیەکی بڵاونەکراوەی شێخ مەحمود)، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژ (1814)، 2شەممە 1993/12/6.
30– کەمال مەزهەر: (نامەیەکی ونی شێخ مەحمود بۆ کەمالییەکان)، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ (107)، 14/کانونی یەکەم/1997.
31– د.عثمان على: (اسماعيل آغا سمكو ثعلب السياسة الكردية ورائديها في البرغماتيكية) مجلة (ئاڵای ئیسلام)، ع (1)، كانوني الثاني و شباط 1993.

32- رەنجیار: (ئیسماعیل خانی شکاک)، گۆڤاری (رابەر)، ژ (31-32)، ساڵی چوارەم 1995.
33- مەحمود موحەممەد بیرپیژی: (ئاکامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر کوردستان)، گۆڤاری (رامان)، ژ (20)، 1998.34/2/5.

نووسەر لە چەند دێڕێکدا



– ئومێد حەمەئەمین حەمەساڵح، لە 1971/5/21 لە گوندی هانەژاڵەی سەر بە قەزای هەڵەبجە لەدایک بووە.

– خوێندنی سەرەتای لە گوندی هانەژاڵەو چەند گوندێکی دیکە تەواو کردووە.

– خوێندنی ئامادەیی لە هەڵەبجەی تازە تەواو کردووە.

– ساڵی 1992 لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین وەرگیراوە.

– ساڵی 1997 – 1998 بەکالۆریۆسی لە مێژوودا بەدەستهێناوە.

– ساڵی 1998 دەبێتە مامۆستا لە دواناوەندی سورێن لە شارۆچکەی سیروان.

– شەوی 2003/3/21 شەهید بووە.

بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

زنجیرە	ناوی كتێب	نووسەر
1	بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە ؟	ن: فازل قەرەداغی
2	نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا	ن: عومەر كەمال دەروێش
3	ئاشتینامە، وەلامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی	ن: ئامینە صدیق
4	فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
5	صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئا: ئارام عەلی سەعید
6	بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم"	جەمال حەبیبوللا "بێدار"
7	ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
8	بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەكەریم عەبدوڵلا
9	كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
10	بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم"	ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
11	مێژووی دێرینی كوردستان "بەرگی دووەم"	ن: فازل قەرەداغی
12	سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە	ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی
13	دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت	ن: ئیكرام كەریم

ن: شێخ موحەممەد خاڵ	لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی	14
ئا: پرۆژەی تیشک	پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان و سەرنج و پێشنیار	15
ن: ئەحمەد حاجی رەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە	بیست و سێ ساڵ سەروەریی	16
ن: بەکر حەمەصدیق	قورئان وەحی ئاسمانە، نەک رەنگدانەوەی سەردەمی خۆی	17
ن: ئارام قادر	ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت	18
ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن و: عوسمان عەلی قادر	سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، رێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی	19
ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین	پوختەیەک دەربارەی رۆژوو	20
ن: د. کاوە فەرەج سەعدون	رۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا	21
ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا و: شوان هەورامی	یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ	22
ن: ئیکرام کەریم	ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێک بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس	23
ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار"	بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی سێیەم"	24
عەبدولعەزیز پارەزانی	ئیشکردن نەک تەمەڵی	25

26	دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە	نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز
27	زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، رووناکبیر و دەسەڵات	فەرهاد شاکەلی
28	هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە	ن: عادل صدیق
29	بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی	ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی و: وەرزێر حەمەسەلیم
30	فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم	ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵلا
31	مەلا ئیدریسی بەدلیسی، رۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم